

راپۆرتێک لەبارەی :

# کێشەکانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە گەرمیان

## پێشەکی

لەئێستادا پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە بابەتە گەرم و گرنگەکانی گەرمیانن، ئەویش لەلایەک بەهۆی بونی خواست لەسەریان، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەو کێشە و گرفتانەی هەیانە و ئەو لێکەوتانەشی کە دەیانبێت لەسەر ناوچەکە لە روی جیاوازەوە.
یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، بە پێویستی زانی راپۆرتی ئەم مانگەی تەرخان بکات بەم بابەتەوە، هەوڵیشیداوە لە زۆر لایەنەوە بابەتەکە روماڵ بکات.
دەشبێت لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە بکەین پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە گەرمیان، زیاتر لە قەزای کەلار برەویان هەیە و لە قەزاکەی دیکەی گەرمیان (کفری) ئەو برەوەی نییە، هەربۆیە بەشی زۆری راپۆرتەکە روماڵی ئەو پرۆژانەی کەلار دەکات.
هەروەک بەشی زۆری کۆمپانیاکانیش ئامادە نەبون لەبارەی کێشەکانی پرۆژەکانیانەوە لێدوان بۆ یەکەکەمان بدەن.

# بەشی یەکەم: ناساندنێکی گشتی پرۆژەکان

## ١. ژمارەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون

بەپێی داتاکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، ٣٥ پرۆژەی وەبەرهێنان لە ئارادان (١٤ پرۆژە کە یان جێبەجێکراون یان چونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ (٢١ پرۆژە کە لە قۆناغی مۆڵەتدان و بەمزوانە دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە). وەک لە خشتەکانی خوارەوە رونکراوەتەوە:

### یەکەم: ئەو پرۆژانەی جێبەجێکراون یان چونەتە بواری جێبەجێکردنەوە

| ژ | ناوی پرۆژە | کۆمپانیا / وەبەرهێنەر | بودجەی پرۆژە بە $ | ڕووبەری تەرخان کراو | پێکهاتەی پڕۆژە | ژمارە و جۆری یەکەکان خانوو-ڤێلا-شوقە | ڕەخساندنی هەلی کار لە پرۆژەکان | چین و توێژی پرۆژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دریم لاند | هادی عبدارحمان کریم | 6.000.000 | 26 دۆنم و 17 ئۆلك و 20.14م² | 102 ڤێلا و 84 شوقە باڵە خانەیەکی سێ نهۆمی کە سوپرمارکێت و دوکان و ڕێستورانت و هۆلی ئینتەر نێت و نوسینگەی بازرگانی و گەنجینە و باخچە و خزمەت گوزاری پارکینگ | 62 ڤێلا ڕووبەر 250م2 40 ڤێلا ڕووبەر 300م2 84 شوقە 6 باڵەخانەی 7نهۆمی | 181 | تیجاری |
| 2 | کۆمەڵگەی نیشتە جیبوونی کفری | احمد حسن صالح | 5.233.361 | 20 دۆنم | 131 خانوو 14 ڤێلا | 131 خانوو و ١٤ ڤێلا و ٢٨ دووکان ومینی مارکێت و ڕێستوانت و خوێندنگە و بنکەی تەندروستی و باخچەی ساوایان و داینگا و ناوچەی سەوزایی | 126 | هەموو چین و توێژێ |
| 3 | نۆژین ستی 1 | بەرێز | 21.234.586 | 74 دۆنم | 68 یەکە 200 م2 (A)روکن 256 یەکە 200 م2 (A) 24 یەکە 200 م2 (B)روکن 60 یەکە 200 م2 (B) | 1 قوتابخانە – 1 دایە نگە – 1 مزگەوت – 8 دووکان | 114 | هەموو چین و توێژێ |
| 4 | نۆژین ستی 2 | بەرێز | 16.394.817 | 24 دۆنم | تایپی (A) 300 م2 تایپی (A1) رووکن 300 م2 | 88 ڤێلا – ا داینگە - 1 بازار | 91 | تیجاری |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | نۆژین ستی3 | بەرێز | 42.476.536 | 33 دۆنم | 162 ڤێلا 300 م2 | 162 ڤێلا – 1 بازار – 2 خونیگە | 159 | تیجاری |
| 6 | هێلان ستی | کۆمپانیای ڕووناکی | 46.330.000 | 65 دۆنم | 565 یەکە 200م2 تایپی(A)<br>110 یەکە 220م2 تایپی(B)<br>28 یەکە 180م2 تایپی(C)<br>184 یەکە 160م2 تایپی(D)<br>28یەکە ڕووبەری جیاواز تایپی(E)<br>6یەکە 240م2 تایپی(F)<br>6 یەکە 200م2 تایپی (G) | 927 خانوو بە حەوت ڕووبەری جیاواز ، بینای بازاری محلی و بینای بازرگانی ( مۆل ) ، دوو قوتابخانی بنەرەتی و دوو باخچەی ساوایان و قوتابخانەی ئامادەیی ، مزگەوت ، سەنتەری تەندروستی و و بنکەی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە | 158 | هەموو چین و توێژێ |
| 7 | شاری تابلۆ | رحیم رشید محمد | 57.832.974 | 199 دۆنم و 8ئۆلك و 60م2 | 728 خانوو 160م2 (A)<br>132 خانوو 150م2 (B)<br>122 خانوو 180م2 (C)<br>36 خانوو 165م2 (D) | 1008 خانو بە چوار تایبی جیاوا ، 3خوێندنگە و 2 داینگە،2 باخچەی ساوایان ، بنکەی تەندروستی و مزگەوت و سێ یاریگا و دوو ناوچەی بازگانی ، تۆری کارەبا ، بیری ئاو | 199 | هەموو چین و توێژێ |
| 8 | لانە ستی | ڕووناکی شار | 14.850.000 | 71 دۆنم | 258 یەکە 200م2 تایپی(A)<br>72 یەکە 220م2 تایپی (B)<br>45 یەکە 200م2 تایپی (A) فراوان کراو<br>10 یەکە 220م2 تایپی (B) فراوان کراو | 330 یەکەی یەك نهۆمی – قوتابخانەی (18) پۆلی – باخچەی ساوایان-دایانگا- سەنتەری بازرگانی- سەنتەری وەرزشی- چارەسەری ئاوی قورس – خزمەتگوزاریەکانی ڕێگاوبان و ئاو وکارەبا وسەوزایی و بنکەی تەندروستی | 100 | هەموو چین و توێژێ |
| 9 | بەهەشتی کەلار | خیمە السلام | 113.673.992 | 292 دۆنم | 72 خانوو دوو نهۆمی ڕووبەری 180م2 (A)رکن<br>326 خانوو دوو نهۆمی ڕووبەری 180م2 (A)<br>216 خانوو بە ڕووبەری 180م2 (B)رکن<br>984 خانوو بە ڕووبەری 180م2 (B)<br>462 شوقە بەڕووبەری 115م2 | 1200 خانووی یەک نهۆمی , 398 خانوو ی دوو نهۆمی (7), باڵەخانەی 11 نهۆمی بۆ هەر نهۆمێک ٦ شوقە , ٤ قوتابخانەی ١٨ پۆلی ,٣ باخچەی ساوایان ,بنکەی پۆلیس ,بنکەی تەندروستی و مزگەوت , هۆلی بۆنەکان , ڕێگاوبانی ناو پرۆژە , سیستەمی ڕاکێشانی گاز , بینای بازرگانی , سەوزایی ,ویستگەی چارەسەری ئاوی پیس , پارکینگی ئۆتۆمبیل , سەنتەری وەرزشی و یاریگای , ویستگەی کارەبا | 166 | مامۆ ستایان |
| 10 | بان ستی | بامۆک | 46.943.000 | 151 دۆنم | 64 خانوو 220م2 (A)رکن<br>274 خانوو 200م2 (A)<br>60 خانوو 200م2 (B)رکن<br>254 خانوو 180م2 (B)<br>32 خانوو 220م2 (C)رکن<br>126 خانوو 200م2 (C) | 810 خانوو , یەک قوتابخانە ١٨ پۆلی , باخچەی ساوایان , بنکەی ئاگرکوژێنەوە , بنکەی تەندروستی , شوێنی بازرگانی , یاریگا و شوێنی وەرزش , وێستگەی چارەسەری ئاوی قورس و شوێنی خزمەت گووزاری | 151 | بیشەوران |
| 11 | قەڵای شیرۆانە | گاردینیا | 91.818.000 | 284 دۆنم | 134 خانوو تایپی( A ڕوکن ) 200م2<br>580 خانوو تایپی(A )200م2<br>40 خانوو تایپی (Bڕوکن )200م2<br>142 خانوو دوو نهۆمی تایپی (B) 200م2<br>36 ڤیلا(روکن) بە ڕووبەری 240م2<br>124 ڤێلای بە روبەری 240 م2<br>134 ڤێلا بە ڕووبەری 300م2 | 1122 خانوو بە روبەری جیاواز , ١ باخجەی ساوایان , 2 داینگە , 3 قوتابخانە 18 پۆلی , بنکەی تەندروستی تایپی C, بنکەی ئاگر کوژێنەوە , بنکەی پۆلیس ,مزگەوت , شوێنی بازرکانی , یاریگا و سەوزای و پارکینگ , وێسگەی چارەسەری ئاوی قورس , خزمەت گووزاری | 392 | مامۆ ستا + فەرما نبەر |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 12 | فەرمانبەران | سەگرمە | 180.704.000 | 541 دۆنم | 575 خانوو (A )یەك نهۆمی 180 م$^{2}$<br>192 خانوو(A1 )روکن یەك نهۆمی 198م$^{2}$<br>675 خانوو (B) یەك نهۆمی 200م$^{2}$<br>210 خانوو (B)روکن یەك نهۆمی 200م$^{2}$<br>55 خانوو (B) دوو نهۆمی220م$^{2}$<br>165 خانوو (B) دوو نهۆمی 200م$^{2}$<br>163 خانوو (C) دوو نهۆمی 300م$^{2}$<br>54 خانوو (C) روکن دوو نهۆمی 300 م$^{2}$<br>400 شوقە تایپی ( A) بە رووبەری 148م$^{2}$ ( 10 باڵەخانەی 10 نهۆمی و هەر نهۆمێك 4 شوقە)<br>400 شوقە تایپی ( B) بە رووبەری 128م$^{2}$( 10 باڵەخانەی 10 نهۆمی و هەر نهۆمێك 4 شوقە) | (5)قوتابخانەی 18 پۆلی – مزگەوت – بینای بازرگانی- 4 باخچەی ساوایان – سەنتەری گەنجان- 2 پاریگا داخراو –بنکەی تەندروستی تایپی سی-بنگەی ئاگرکوژێنەوە وپۆلیس- وێسگەی کارەبا-بنکەی ئاوی خواردنەوە-چارەسەری ئاوی قورس- سەوزای و شوێنی خزمەت گووزاری | 310 | فەرمانبەران |
| 13 | دەروازەی کفری | خاکی عەفرین | 58.517.350 | 208 دۆنم | 36 یەکە رووبەری 220 م2 (A) روکن<br>180 یەکە رووبەری 200 م2 (A)<br>156 یەکە رووبەری 200 م2 (B) روکن<br>628 یەکە بەرووبەری 180 م2 (B) | 1000 خانوو بە چوار تابی جیاواز ، بنکەی تەندرووستی وئاگر کوژێنەوە ، باخچەی مندالان دوو دانە و قوتابخانەدوو دانە ، داینگە دوو دانە ، مزگەوت ، بنکەی پۆلیس ، بینای بازرگانی | 62 | مامۆستا + فەرمانبەر |
| 14 | شاری نموونەی مارینا (پرۆژەی میکس) | کۆمپانیای بیست ڕۆڵ | 10.000.000 | 355 دۆنم | 1-کۆمەڵگەیەکی گەشتیاری<br>2-کۆمەڵگەیەکی بازرگانی<br>3-کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی<br>4-کۆمەڵگەیەکی پزیشکی<br>5-کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون بە ناوی دوبەی ستی | 1-408 ڤێلا بە ڕووبەری 250م2<br>2-214 ڤێلا بە ڕووبەری 300م2<br>3-288 شوقە بە ڕووبەری 125م2 | دەست بەکار بوونی بۆ نەکراوە هێشتا | تیجاری |

## دووەم: ئەو پرۆژانەی زەویان وەرگرتوە و لە قۆناغی پێدانی مۆڵەت دان

| ژ | ناوی وەبەرهێنەر/کۆمپانیا | ناوی پرۆژە | ڕووبەری زەوی تەرخان کراو | ژمارە و کەرتی زەوی | ژمارە و جۆری یەکەکان(خانوو-ڤیلا-شوقە) | خزمەتگوزارییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کۆمپانیای ئەلفا لاین | شێروانە تاوەرز | 9470م٢ | 1915/2کەرتی 101 بنگرد | 3 تاوەری 25 نهۆمی | 2 نهۆمی ژێر زەوی بۆ گەراجی ئۆتۆمبیل و نهۆمی ئەرزی یەکەم و دووەم پێک دێت لە مۆڵ و ڕێستۆرانت و کافێ |
| 2 | کۆمپانیای فرمێسک | جاف ستی | 104 دۆنم و 15 ئۆلک | 10/8کەرتی 122 بەردەسور | | |
| 3 | کۆمپانیای ئایندەی بامۆک | فراوان کردنی بان ستی | 33.15 دۆنم | 6/8 ی کەرتی 122ی بەردەسوور | | |
| 4 | کۆمپانیای شابەرد | نقین ستی | 1890.28م٢ | 13449/7 کەرتی102 کەلار | 500یەکە<br>116 یەکەی (195م٢)<br>384 یەکەی (180م٢) | قوتابخانەی 18 پۆلی-باخچەی ساوایان و دایەنگە-مزگەوت-بنکەت تەندوستی-بازرگانی و سەوزایی |
| 5 | کۆمپانیای پروشە | نیشتەجێی تەندروستکاران | 249 دۆنم و 18 ئۆلک | 10985/54کەرت 102ی کەلار | 1000 یەکەی نیشتەجێبوون خانوو و شوقە | قوتابخانەی 18 پۆلی – نەخۆشخانە-باخچەی ساوایان-ئاگر کوژێنەوە-مۆڵ |
| 6 | کۆمپانیای بروسک | نیشتەجێی مامۆستایانی زانکۆ | 167.6 دۆنم | 10985/54کەرتی 102 ی کەلار | 600 خانوو و (6) تاوەری 14 نهۆمی واتە (504) شوقە | خوێندنگەی 12پۆلی بنەڕەتی-باخچەی ساوایان و پاریگا و مەلەوانگە و هۆڵی لەش جوانی و نەخۆشخانە-کۆمەڵگای بازرگانی-بەنزینخانە-ئاو و کارەبا و سەوزایی و ناوچەی کراوە بۆ یاری منداڵان |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 7 | کۆمپانیای هێلان | هێلان ستی | 65.5 دۆنم | 63/2 کەرتی 16ی کفری | 491یەکە 311 خانووی (150م٢) و 180 خانووی (180م٢) | خوێندنگە –سەنتەری تەندروستی-دایەنگە-مزگەوت-بینای بازرگانی |
| 8 | کۆمپانیای ئیلیان | کۆمەڵگای نیشتەجێبوون | 200 دۆنم | 12700/7 و 10/8 ی کەرتی 122 ی بەردەسور | | |
| 9 | کۆمپانیای چیاوار | پرۆژەی شێکەتوین تاوەر | 17625م٢ | 10/8 ی کەرتی 122 ی بەردەسور | پێکهاتووە لە 2 تاوەر کە 336 یەکە لە خۆ دەگرێت بە 2 تایپ | پاری ئۆتۆمبیل-مارکێت-شۆو ڕووم-کارگێری – کلینیک-باخچەی ساوایان-دایانگە-مۆڵ-ڕێستۆرانت و فاست فوود- کافێ – جیم-مەصعەد و دوو قادرمە |
| 10 | کۆمپانیای ذئب الماسی | شاری سەوز | 100 دۆنم | 10/8 کەرتی 102ی کەلار | | |
| 11 | رحیم رشید محمد | فراوانکردنی پرۆژەی شاری تابلۆ | 17 دۆنم | 29/2 -2/-30 32/31-2/2 ی کەرتی 102 ی کەلار | | |
| 12 | کۆمپانیای بەیان | گاردن ستی (میکس) | 416.8 دۆنم | 1 لە کەرتی 101 ی بنگرد | | |
| 13 | کۆمپانیای بەڕێز | دریم لاند 2 | 7177م٢ | 1703/2 ی کەرتی 101 ی بنگرد | | |
| 14 | کۆمپانیای هەواری هێرۆ | دڵی گەرمیان | 17625م٢ | 1111/1 کەرتی 101 ی بنگرد | | |
| 15 | کۆمپانیای دیبەن | شاری شاهان | 64 دۆنم | 10642/54 و 38 ی کەرتی 102 ی کەلار | 333 یەکە ڤێلا و بینای میکس ( 2 نهۆم بۆ بازرگانی و 2 نهۆم بۆ پارکینگ و 10 نهۆم بۆ شوقە) | |
| 16 | کۆمپانیای یاکان | کەناری سیروان | 53 دۆنم | 1272/7 ی کەرتی 122 ی بەردەسور و 2/11 ی کەرتی 102 ی بەردەسور | 500 خانوو | بازاڕ –مارکێت-مۆڵ-خوێندنگە-بنکەی تەندروستی-باخچەی ساوایان-مزگەوت-ناوچەی سەوزایی-پاڵاوگەی ئاوی قورس |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 17 | کۆمپانیای مەولود | Justice tower | 22 دۆنم | 10978/54 ی کەرتی 102 ی کەلار | 12 باڵەخانەی 20نهۆمی پێکهاتووە لە (960) شوقەی نیشتەجێبوون بە 2 تایپی جیاواز | قوتابخانە-باخچەی ساوایان-سەنتەری بازرگانی-گۆڕەپانی یاریکردن-پارکینگ-باخچە-مۆلیدە و کۆگا |
| 18 | کۆمپانیای بناری پیرەمەگرون | دەروازەی کەلار | 415 دۆنم | 10642/38 و 54 ی کەرتی 102 ی کەلار 10-/1271-2/7 ی کەرتی 959 122ی بەردەسور | 1698 خانوو و 200 شوقە | قوتابخانە-باخچەی ساوایان – دایەنگە – بنکەی تەندروستی-بنکەی وەرزشی-پارکینگی ئۆتۆمبیل –خزمەتگوزاری کارەبا-یاریگا-مزگەوت |
| 19 | کۆمپانیای دەشتی بەرلوت | شاری شکۆ | 330 دۆنم | 741/5 کەرتی 102 ی کەلار | 1258 خانوو | مزگەوت-بینای بازرگانی-٢ قوتابخانەی 18 پۆلی و 24 پۆلی – باخچەی ساوایان-دایانگە-بنکەی تەندروستی-بنکەی ئاگرکوژێنەوە-بنکەی پۆلیس-وێستگەی کارەبا-بینای کارگێری –یەکەی چارەسەی ئاوی قورس-بنکەی وەرزشی |
| 20 | کۆمپانیای H.D.A | گەرمیان ستی 1 | 83 دۆنم | 1276/7 و 12/8 ی کەرتی 122 ی بەردەسوور | 1208 یەکە | کۆمەڵگەی وەرزشی و مۆڵی گەورە و دوکان و بازاڕ لە سەر بودجەی کۆمپانیا |
| 21 | کۆمپانیای H.D.A | گەرمیان ستی 2 | 178 دۆنم | 8/8 ی کەرتی 122 ی بەردەسوور | 1750 یەکە کە پێک دێ لە (400 ڤێلا – 542 یەکە بۆ چین و توێژەکان – 808 یەکە بە شێوەی Low Cost | ئاو و کارەبا و شەقام و ئاوەڕۆ و سەوزایی و قوتابخانەی 18 پۆلی و بنکەت تەندروستی – بنکەی پۆلیس – بنکەی ئاگر کوژێنەوە - دایەنگا |

## ٠٢ چۆن پرۆژەی نیشتەجێبون دەدرێت بە وەبەرهێنەر؟

پرۆژەکانی نیشتەجێبون بۆ ئەوەی بچنە بواری جێبەجێکردنەوە، چەندین ڕێکاریان هەیە، هەریەکە لەو ڕێکارانەش لەلای بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەیەکە، کە دیارترینیان: بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنان، شارەوانی و نەخشەدانانی ئاوەدانین، لەگەڵ وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتیەکانی: ئاو، کارەبا و ژینگە، بەمەبەستی دڵنیابونەوە لەوەی لارییان نییە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

تەرخانکردنی زەوی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، ئەرکی شارەوانی کەلارە، کە بەوتەی خۆیان هەرگیز هیچ کۆمپانیایەک داوای زەویەکی دیاریکراوی لێنەکردون، بەڵکو ئەوان وەکو شارەوانی دیاریان کردوە کە چ زەویەک بدرێتە چ کۆمپانیایەک.

ئەکرەم ساڵح، وتیشی: ئێمە سەرەتا پلانی پرۆژەکە دادەنێین و پاشان کە وەبەرهێنێک دێتە پێشەوە، پێی دەدرێت.

هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانەوە هەیە، پێدانی مۆڵەتە بە پرۆژەکانی نیشتەجێبون، کە بەوتەی هونەر مەحمود لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوە و پێیوایە لەئەنجامدا هۆکاربون بۆ گەشەکردنی شار.

دیوێکی دیکەی بابەتەکە لەئەستۆی بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی گەرمیانە.

سامان مەحمود، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتییەکە، دەڵێت: وەک نەخشەدانان هەر پرۆژەیەکی نیشتەجێبون پێش ئەوەی دەستبەکارکردن بکات لەسەر زەویەکەی، دەبێت سایت پلانی پرۆژەکە و سێتی تەلارسازیی پرۆژەکە لەلایەن بەڕێوبەرایەتیمانەوە پەسەند بکرێت، هەروەک دەبێت ڕای پلانسازیی لەسەر پارچە زەویەکە بدرێت لە ڕوی گونجان و نەگونجانی ئەو پرۆژەیەی کە داواکراوە.

## ٣. لەسەر چ بنەمایەک پرۆژەی نیشتەجێبون ئەنجام دەدرێت؟

ئەنجامدانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە ئێستادا لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوبەرایەتییەکانی وەبەرهێنانەوە لە شارە جیاوازەکان ئەنجامدەدرێت، ئەگەرچی پرۆسەکە خۆی لە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنە.

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان، پشتیوان عەبدوڵلا، رەتیدەکاتەوە ئەوان سەرپەرشتی هیچ کارێکی ئەو پرۆژانە بکەن.

وتیشی: بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان ئێمە تەنها نین، بەڵکو بە سەرپەرشتی ئیدارەی گەرمیان و شارەوانیەکان و بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنان کە لیژنەیەکی تایبەتمەندن، لە کاتێکدا داوامان کردوە بەنوسراوی فەرمی کە ئەندازیاری ئێمە لە لیژنەکاندا هەبێت، بەڵام وەبەرهێنانی گەرمیان وەڵاممان ناداتەوە.

لەبەرامبەردا، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، باس لەوەدەکات: «ئەرکی بەڕێوبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی گەرمیانە سەرپەرشتی پرۆژەکان بکات، بەڵام نایکات و پێیان وتوین ئێمە ناتوانین ئەو کارانە بکەین کە ئەمە قسەی خۆیانە».

ئەنجامدانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون دەبێت بەپێی پلان و ئامادەکاری و رێژەی دانیشتوان و دارشتنەوەی داتا بێت، بەوەی بۆ هەرشوێنێک پێویست بە ئەنجامدانی چەند پرۆژە و چ جۆرە پرۆژەیەک دەکرێت.

لەسنوری گەرمیان ئەنجامدانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، بەبێ وەرگرتنی داتا و ئامار یاخود زانینی پێویستی ئەنجامدراوە.

پشتیوان عەبدوڵلا، باس لەوەدەکات: پێوەرێکی دیاریکراو نیە بەوەی چەند پرۆژەی نیشتەجێبون بۆ شارێک پێویستە و دەبێت ژمارەی یەکەکان چەند بێت، یاخود پرۆژەی چین و توێژ بن یان بازرگانی.

وتیشی: حکومەت بەو جۆرە پرۆژەکان ناکات کە ئێمە دەمانەوێت، بەتایبەت ئەو پرۆژانەی بۆ هاوڵاتی کەمدەرامەت و کاسبکاران ئەنجامدراون هیچ کات جێی رەزامەندی ئێمە نین.

بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، جەخت لەوەدەکاتەوە کە پرۆژەکان بە هەرەمەکی ئەنجامدراون و پشت ئەستور نین بە داتا و ئامار و روپێویی.

هونەر مەحمود، وتی: ئێمە ئامارێکی تەواومان لەبەردەست نیە کە بزانین شار پێویستی بە چەندێک فراوانکردنە لە روی نیشتەجێبونەوە.

ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، کە پێدانی زەویەکانی دەکەوێتە ئەستۆی شارەوانیەکەیان، لەبارەی ئەوەی بەچ پێوەرێک دەزانن شار پێویستیی بە ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەیە؟

وتی: قەزای کەلار پێویستی پێیەتی، چونکە هەرکاتێک پرۆژەیەک ئەنجامدەدرێت تەنانەت پسولەکانیان پارە دەکات، کەواتە خەڵک خواستی لەسەرە، چونکە هێشتا ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبون نەگەشتوەتە ١٠ هەزار یەکە، بۆیە بونی ئەو پرۆژانە زۆریش پێویستن.

پسپۆڕێکی بواری نیشتەجێبون، پێیوایە ئەوەی دەکرێت تەنها «کەڵەکەکردنی یەکەیە» نەوەک ئەنجامدانی پرۆژەی نیشتەجێبون.

رزگارعەبدولکەریم، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری نیشتەجێکردن، باس لەوە دەکات کەرتی نیشتەجێبون بەشێوەیەکی نازانستی رادەستی کۆمپانیا کراوە، بەبێ ئەوەی بزانرێت چۆن سود لە روە ئابوریی و گەشەسەندوییەکەی وەربگیرێت.

## ٤. پێوەری دانانی نرخ بۆ یەکەکانی نیشتەجێبون

بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: نرخی یەکەکانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون بەپێی رێنمایی دیاریی دەکەین.

هونەر مەحمود، دەڵێت: بۆ پرۆژەی چین و توێژەکان، ئێمە نرخ دیاریی دەکەین ئەویش بەپێی ئەو رێنماییەی لەبەردەستمانە کە بۆ هەر مەترێکی چوارگۆشە لە خانویەکی ٢٠٠ مەتری کە ١٦٠ مەتری دەکاتە بینا، بە ٢٥٠ دۆلار دیاریی دەکرێت، بەمەش کۆی گشتی نرخی یەکەکە دەگاتە ٤٠ هەزار (٤ دەفتەر) دۆلار کە ئەمە نرخی تەنها خانوەکەیە بەبێ خزمەتگوزاریی.

رونیکردەوە: برێک پارەی تر لە بەشداران وەردەگیرێت بۆ خزمەتگوزاریی نێو پرۆژەکە لە سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و ...هتد، کە ئەمانەش دەرخستە و جۆری مەوادەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە شارەوانی و دامودەزگا حکومیەکانی تر دیاریی دەکەن.

پاشان تێچوی: قوتابخانە، بنکەی بەرگری شارستانی، دایەنگە، شەقام و شۆستە، بنکەی تەندروستی و ...هتد، لەسەر بەشداربوەکە بەهەمانشێوە حساب دەکرێت.

هونەر مەحمود، ئاماژەی بەوەکرد کە کۆی تێچوی پرۆژەکە بەبێ حسابکردنی قازانجی کۆمپانیا و بەو برگانەی سەرەوە، دەگاتە نزیکەی ٥٠ هەزار (٥ دەفتەر) دۆلار، بەپێی رێنماییەکانی دەستەی وەبەرهێنانیش ١٨٪ قازانج بۆ وەبەرهێنەر هەژمار دەکرێت، کە ئەمەش دەکاتە ٩ هەزار (٩٠ گەڵا) دۆلار، هەروەک قیستی ساڵانەش هەر ساڵەی ١٪ی دەچێتە سەر، بەمەش نرخەکە لە کۆتاییدا دەبێتە ٦٢ هەزار (٦ دەفتەر و ٢٠ گەڵا).

هاوکات سەرۆکی شارەوانی کەلار، رەتیدەکاتەوە بە هیچ جۆرێک دانانی نرخی یەکەکان بگەڕێتەوە بۆ ئەوان.

لایخۆشیەوە ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: نرخەکان بەنایاسایی و بە قازانجەوە دیاری دەکرێن.

کەریم عەلی، وتی: دانانی نرخەکان دواجار بەمیزاجی کۆمپانیایە نەک لیژنەیەکی پسپۆڕ هەڵسەنگاندنی بۆ کردبێت.

رونیشیکردەوە: نرخەکان دەبێت لەسەر مەتری بیناکە بەبێ تێچو بخرێتەڕو لەگەڵ نرخی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەکو: ئاو، کارەبا، ئاوەڕۆ، شەقام، قوتابخانە ... هتد، بەبێ قازانج، واتا نابێت هیچ قازانجێک لەسەر پرۆژەکانی نێو یەکەکە هەبێت، بەڵام من بە بەڵگە لامە کە سێتی ئەو کارەبایەی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان ناردویەتی بۆ پرۆژەکان قازانجی لەسەر حسابکراوە بە رێژەی ٢٠٪..

وتیشی: ئەمەمان لەگەڵ لایەنەکان باسکردوە، بەڵام پێمانوایە هێشتا نرخی زیاد لەسەر پرۆژەکان هەیە، لەوانە: پرۆژەی بەهەشتی مامۆستایان کە پارەی زیاتریان لێوەرگیراوە.

بەڵام بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، ڕەتیدەکاتەوە کە قازانج لەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکان حسابنەکرێت، بەڵکو لەسەر ئەوانیش حساب دەکرێت.

هەریەکە لە پرۆژەی نیشتەجێبونی شاری شکۆ و ڕۆیاڵ سیتی، دانانی نرخەکانی یەکەکانیان دەخەنەڕو، بەڵام بەبێ ئاشکراکردنی قازانجی کۆمپانیاکانیان.

هاوکار وەلی غەفور، نوێنەری پرۆژەی نیشتەجێبونی شاری شکۆ، دەڵێت: ڕوبەری خانو و شوێنی خانوەکە و جۆرەکەی و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان حساب دەکەین و بەو پێیە نرخەکانیان دادەنێین.

وتیشی: تێچوی ڕوبەری خانوی ١٨٠ مەتری، کۆمپانیا هەیە بە ٨٨٠ هەزار (٨ دەفتەر) دۆلار و هەشە بە ٦٠ هەزار (٦ دەفتەر دۆلار) دروستی دەکات.

باسی لەوەشکرد: هەندێک کۆمپانیا مەترێک بە ٨٠٠ دۆلار حساب دەکات، بەڵام ئێمە ٣١٥ دۆلارمان داناوە، ئەمەش بەهەماهەنگی لەگەڵ وەبەرهێنانی گەرمیان.

هاوکات بەرپرسی بەشی فرۆشتنی پرۆژەی ڕۆیاڵ سیتی «شاری شاهان»، ئەیوب محمەد، وتی: ئێمە ٣٣١ یەکە دروست دەکەین کە ڤێلان، نرخەکانمان دیاریی کردوە لە نێوان ١٦٠ هەزار (١٦ دەفتەر) تاوەکو ٣٤٠ هەزار (٣٤ دەفتەر) دۆلار.

وتیشی: نرخەکان بەپێی جۆری خانوەکانە، پێمانوانیە نرخەکانی ئێمە گرانبێت، چونکە خودی نرخ لە قەزای کەلار بەرزە و ڤێلاکانیشمان بە کەرەستە و مەوادی نرخ بەرز دروست دەکرێن.

لەبەرامبەردا، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: نرخی ئەو پرۆژانەی کە بازرگانیین جیاوازە، چونکە هێندەی ئێمە ئاگادار بین کەرەستەی گرانبەها لە ڤێلاکانیاندا بەکاردەهێنرێت کە ئەو نرخەی لەسەر دەکەوێت.

ئەیاد محەمەد، چالاکوان لەقەزای کەلار، پێیوایە خودی یەکەکان نرخەکانیان بەرزە کە لە چاو نرخی خانوی نێو شاردا جیاوازیەکی کەمی هەیە.

وتیشی: کاتێک پرۆژەیەکی نیشتەجێبون ئەنجامدەدرێت، دەستی حزب و کەسانی بەرژەوەندیخوازی تێدایە و قازانجی ئەوان لە پێشترە، کە ئەمەش ناکرێت چاوەڕوانی گۆڕانکاری لێبکرێت.

ڕزگارعەبدولکەریم، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری نیشتەجێکردن، باس لەوەدەکات کەرتی نیشتەجێون نیمچە گشتیە و دەبێت حکومەت وجودی هەبێت، بەڵام بە وتەی خۆی، ئێستا تەنها ئەو کاتە وجودی هەیە کە زەوی دابین دەکات و کۆمپانیا ئەگەر شوقەیەک یان یەکەیەک بە ٤ هەزار دۆلار لەسەری بکەوێت، دەیدات بە ١٢ هەزار دۆلار، کە ئەمە بابەتێکی قازانج ویستە نەک ئەنجامدانی پرۆژە و دروستکردنی بابەتی خزمەتگوزاریی کە دواجار خراوەتە ئەستۆی خودی هاوڵاتی.

دەشپرسێت: کەواتا بۆچی خودی حکومەت ئەم پرۆژانە ئەنجام نادات؟

## » کاتێک پرۆژەیەکی نیشتەجێبون ئەنجامدەدرێت، دەستی حزب و کەسانی بەرژەوەندیخوازی تێدایە «

### ٥. پرۆژەکانی نیشتەجێبون نرخی خانویان هەرزان نەکردوە

خاوەنی نوسینگەیەکی خانوبەرە لە گەرمیان، باس لەوەدەکات سەرباری ئەنجامدانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، بەڵام نرخی خانوی ناوچەکە بە جێگیریی ماوەتەوە.

گۆران محەمەد، خاوەنی نوسینگەی خانوبەرە لەگەرمیان، دەڵێت: نرخی خانو لەقەزای کەلار دانەبەزیوە، بەڵکو نرخەکەی وەستاوە، لەوەتەی هەیە خانو لە گەڕەکی جوتیاران بە ٦٠٠٠٠ تا ٨٠٠٠٠ (٦ تا ٨ دەفتەر) دۆلار بوە.

خاوەنی نوسینگەیەکی دیکەی خانوبەرە، باس لەوەدەکات لەئێستادا زیاتر خواست لەسەر یەکەی پرۆژەکانی نیشتەجێبونە.

ئاراس نەجم، خاوەنی نوسینگەی عەقاراتی موڵکی گەرمیان، دەڵێت: خواست لەسەر خانوی نێو شار کەمتر بوەتەوە، ئەگەر ڕۆژانە ١٠٠ کەس سەردامان بکات ئەوا ٩٠ کەسیان بۆ کڕینی یەکەی نێو پرۆژە نیشتەجێبونەکانە.

سەرباری ئەمەش، وەک ئەو دو خاوەن نوسینگەیەی خانوبەرە ئاماژەیان پێکرد، هێشتا نرخی خانو دانەبەزیوە، ئەگەرچی ئەو هەمو پرۆژە نیشتەجێبونانەش ئەنجام دراون.

قادر ئیسماعیل، چالاکوانی مەدەنی لە قەزای کفری، جەخت لەو ڕایە دەکاتەوە و وتی: نرخی یەکەکان بەرزن و کاریگەریشیان نەبوە لەسەر نرخی خانوی نێو شار.

شارەزایەکی بواری نیشتەجێکردن، پێیوایە ئەوەی ڕێگرە لە هەرزان نەبونی نرخی خانو لەکاتێکدا بەردەوام پرۆژەی نوێ نیشتەجێبون ئەنجام دەدرێت، ڕێککەوتی خودی کۆمپانیاکانە.

ڕزگار عەبدولکەریم، وتی: کۆمپانیاکان نرخی یەکەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون نزیک لە یەکتر دادەنێن بۆئەوەی نرخیان دانابەزێت و زەویەکی بێبەرامبەر بە تێچویەکی کەم دەفرۆشنەوە بەنرخێکی چەند هێندە، کەواتە چۆن نرخەکان دادەبەزن؟

## ٦. کۆمپانیاکان بێ سەرمایەن و بە پارەی بەشداران پرۆژە دەکەن

چالاکوانێک ئاماژە بەوەدەکات کۆمپانیاکان بێ سەرمایەن و بە پارەی بەشداران پرۆژەکان بونیاد دەنێن.

ئەیاد محەمەد، وتی: ئەوەی لە پرۆژەکانەوە بەدی دەکەین کۆمپانیای بێ سەرمایە پرۆژە ئەنجام دەدات کە تەنها پارە لە هاوڵاتی وەردەگرن و خۆیان سەرمایەیان نیە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان، بەمەش گرفت و کەموکورتی بە روی هەمو پرۆژەیەکدا دەرکەوتوە.

لەبەرامبەردا بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، باس لەوەدەکات لەپێدانی پرۆژەدا چەند مەرجێکیان هەیە.

هونەر مەحمود، وتیشی: ئەو وەبەرهێنانەی دەیانەوێت پرۆژە جێبەجێ بکەن، دەبێت کۆمەڵێک مەرج هەیە جێبەجێی بکەن، لەوانە: سەرمایەکەی، سایت پلانەکەی، لەگەڵ سودی (جەدوای) ئابوری پرۆژەکەی، پاش دڵنیابونەوە لەمانە، ئینجا نوسراویان بۆ دەکەین بۆ لایەنەکانی دی.

وتیشی: وەبەرهێنەر ئەگەر سەرمایەی نەبێت پرۆژەی پێنادرێت، بەڵکو دەبێت خودی وەبەرهێنەرەکە لە لایەنێکی فەرمی باوەڕپێکراوەوە نوسراوێکمان بۆ بێنێت و تیایدا رونیبکاتەوە سەرمایەکەی چەندە، پاشان پرۆژەکانی پێدەدرێت.

چالاکوانێکی قەزای کفری، دەڵێت: ئێمە هیچ گەشبین نین بەو پرۆژە نیشتەجێبونانەی ئەنجامدەدرێت.

قادر ئیسماعیل، وتی: رەنگە تایتڵەکەی بۆ خزمەتگوزاری و سودمەندبونی دانیشتوان بێت، بەڵام لە واقعدا بەو جۆرە نیە، بەڵکو پێمانوایە نرخی یەکەکان بەرزن و کاریگەریشیان نەبوە لەسەر نرخی خانوی نێو شار.

## ٧. بەشی حزب و کۆمپانیاکانی لە پرۆژەکان دا

چالاکوانێک رەخنە دەگرێت بەوەی پرۆژەکان هێندە سودیان بۆ حزب و کۆمەڵێک کەسی دیارییکراو هەیە، ئەوەندە بۆ خەڵکی نییە.

ئەیاد محەمەد، بەدوری دەزانێت پرۆژەکانی نیشتەجێبون ببنە هۆکاری گەشەسەندنی ناوچەکە، بەڵکو وکخۆی وتی: ئەوەی دەکرێت پێشخستنی بەرژەوەندی کۆمەڵێک کەسی دیاریکراوە کە چارەنوسی پرۆژەکانی نیشتەجێبون بەتایبەتی لەقەزای کەلار دیاریی دەکەن.

باسی لەوەشکرد: دەستی حزبی و بێ سەرمایەیی کۆمپانیاکان، دروستکردنی پرۆژەکانی نیشتەجیبونی بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا بردوە.

مەبەست لە دەستی حزب لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە گەرمیان، ئەوەیە کە کۆمپانیاکانی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە حزبی باڵادەستی ئەم سنورەیە، پشکیان هەیە لە هەندێک لە پرۆژەکانی نیشتەجێبونی سنورەکە.

بەپێی نوسراوێکی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کە مێژووەکەی بۆ ساڵی (٢٠١٩) دەگەڕێتەوە و پێشتر رادیۆی دەنگ بڵاویکردوەتەوە، ئاماژە بەوەدەکات ٨٪ـی قازانجی پرۆژەکانی نیشتەجێبون بۆ ئیدارەی گشتییە.

لەبارەی ئەم پرسەوە، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، لە گفتوگۆیەکی کراوەی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان دا لە رێکەوتی (٢٠٢٢/٥/٢١) لە کەلار، بێئاگایی خۆی دەربڕی و جەختیکردەوە ئەوان وەکو حکومەت مامەڵە لەگەڵ وەبەرهێنەرەکاندا دەکەن.

## ٨. هەندێک لە پرۆژەکان دەستیان پێنەکردوە و مامەڵەیان پێوەدەکرێت

ژمارەیەک کۆمپانیای نیشتەجیبون بەبێ تەواوکردنی رێکاری کۆتایی مامەڵەکەیان، پسولە و یەکەکانی نێو پرۆژەکانیان دەفرۆشنەوە، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیانیش ئەوە بە بازاڕی رەش ناو دەبات

شاری شکۆ کە پرۆژەیەکی نوێی نیشتەجێبونە و دەکەوێتە سنوری شارەوانی ناحیەی رزگاریەوە و دەستی بەفرۆشتنی یەکەکانی کردوە.

بەوتەی هاوڵاتیەک، پسولەیەکی بە ٢٠٠٠ (٢٠ گەڵا) دۆلار و پێشەکی ١٠٠٠٠ (١ دەفتەر) لەو پرۆژەیە کڕیوە.

لەبەرامبەردا، هاوکار وەلی، نوێنەری کۆمپانیای دەشتی بەرلوت کە پرۆژەکە جێبەجێ دەکات، دەڵێت: ئێمە بەبێ بەرامبەر پسولەکانمان بە هاوڵاتیان داوە.

لەبارەی دەستبەکاربونیشیانەوە وتی: رێکارە سەرەتاییەکانی پرۆژەکەمان تەواوکراوە و دەتوانین دەستبەکارکردن بکەین.

بەرپرسی بەشی فرۆشتنی پرۆژەی رۆیاڵ سیتی، ئەیوب محەمەد، باسی لەوەکرد ئەوان دەستیان بە فرۆشتنی یەکەکان نەکردوە، ئەمەش سەرباری ئەوەی کە لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ریکلامی بۆ دەکرێت.

ئەوەشی خستەڕو، تەنها شوێن حجزکردنە بۆ کەسێک کە بیەوێت دیاری دەکات و ئێمەش بۆیان حجز دەکەین تا دەستبەکاربونی پرۆژەکە کە زۆری نەماوە و زۆربەی کارەکانی تەواو بوە و کۆتا نوسراوی لە ئەنجومەنی وەزیرانە و تەنها گەڕانەوەی ماوە.

گەرمیان سیتی، یەکێکی دیکەیە لەو پرۆژانە یە کە پسولەکانی لەنێو هاوڵاتیان کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت لە ڕێگەی نوسینگەکانی خانوبەرەدا بە دیارییکردنی روبەر و جۆری خانوەکانیشەوە.

لەبەرامبەردا بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: بەهیچ جۆرێک نابێت هاوڵاتیان مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە بکەن، چونکە ئەوەی ئەوان دەیکەن بازاڕی رەشە، نابێت هاوڵاتیان پارەی خۆیان بەو کۆمپانیایانە بدەن.

لەبارەی ئەوەی بۆچی ئیجرائات ناکەن لەگەڵ کۆمپانیاکان، وت: ئێمە ناتوانین ئیجرائات بکەین، چونکە هیچ سکاڵاکارێک بونی نیە.




## ٩. ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەناو شار لەلایەن کۆمپانیاکانەوە

لەدوای دروستبونی قەیرانی داراییەوە، شارەوانیەکان و بەتایبەتی شارەوانی کەلار، بەو مەرجە زەوی دەدایە کۆمپانیاکان، کە بڕێک پارە وەکو دیاری بدەن بە ئەو، بۆ ئەوەی پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەناو شاردا پێ ئەنجام بدات.

لە کۆی ١٤ پرۆژەی نیشتەجێبون لە گەرمیان، تەنها یەک پرۆژە پارەی خەرج کردوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەناو شاردا.

سەرۆکی شارەوانی کەلار، ئەکرەم سالّح، لەوبارەیەوە وتی: ئەوکات هیچ شتێکی لەو شێوەیە لە بەردەستماندا نەبوە کە وەبەرهێنەکە لە بەرامبەر ئەنجامدانی پرۆژەیەکی نیشتەجێبون پارە بۆ شارەوانی خەرج بکات، بۆیە هیچ کام لەو پرۆژانە جگە لە نۆژین سیتی پرۆژەی خزمەتگوزارییان ئەنجام نەداوە و ئەو پرۆژەیەش (نۆژین سیتی) هەستاوە بە دروستکردنی جادەی تەنیشن پەروەردەی گەرمیان.

ئاماژەی بەوەشدا، لە پرۆژە نوێکان دا، کۆمپانیاکان پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ شار ئەنجام دەدەن.

رونیکردەوە: پرۆژەی شێروانە تاوەرز کە پێکدێت لە ٣ تاوەر و دەکەوێتە تەنیش دیوان مۆڵ، دەبێت قیرتاوی گەڕەکی بەردەسور تەواو بکات لەگەڵ قیرتاوی یەکێک لە گەڕەکەکانی دیکە، بەڵام بەقەرز ئەنجامی دەدات تاوەکو حکومەت پارەی بۆ خەرج دەکاتەوە، پاش خەرجکردنەوەی ئەو پارەیە، ٩٠٠ ملیۆن دینار بۆ شارەوانی خەرج دەکات.

هەروەها پرۆژەکانی شاری سەوز کە روبەری ١٠٠ دۆنم لە گەڵ جاف سیتی کە ١٠٤ دۆنمە و هەردوکیان دەکەونە تەنیشت پرۆژەی نیشتەجێبونی فەرمانبەران، لەگەڵ پرۆژەی گەرمیان سیتی پێکەوە ٨ ملیار دینار بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاریی خەرج دەکەن، کە سەرەتا ئەو پارەیە وەکو قەرز بۆ پرۆژەی رێگای کەلار- سلێمانی خەرج دەکرێت و دواتر کە قەرزەکەیان درایەوە بەشێکی دەکەنە پرۆژە لەناو شاری کەلار.

هەروەک پرۆژەی یاکان و شاری شاهان پاککردنەوەی چەمی گازینۆ ئەنجامدەدەن، پرۆژەی شاری شاهان دروستکردنی شەقامێکی ٤٠ مەتری لەسەرە.

هەروەها شاری شکۆ کە پرۆژەکە دەکەوێتە رزگاریەوە و ٣٣٠ دۆنم زەوی پێدراوە، پرۆژەی دروستکردنی جوتسایدێک بەتەنیشت بینای ئاسایشی رزگاری لەگەڵ دروستکردنی سایدێکی رێگاوبان بەتەنیشت بینای کۆمیتەی یەکێتیی لە ناحیەی رزگاری ئەنجام دەدات کە تێچوەکەی نزیکەی ملیار و نیوێکە، لەگەڵ دروستکردنی ئاوەڕۆی سندوقیی بەدرێژایی ٣ کیلۆمەتر.

هەرچی پرۆژەی قەیوان (بناری پیرە مەگرون)ە، تەواوکردنی سایدی دوەمی سەقامی پشتێنەی کەلار جێبەجێدەکات لەگەڵ چارەسەرکردنی تۆڕی کارەبا کە لەو شوێنەیە.

لەبارەی ئەوەی ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە بە چ پێوەرێک دیاریی دەکرێت؟ سەرۆکی شارەوانی کەلار دەڵێت: ئەو پرۆژانەی دەبێت کۆمپانیا بۆ شارەوانی ئەنجامی بدات، بەپێی روبەری ئەو زەویە و هەڵکەوتەی شوێنەکەی دیاریی دەکرێت کە دەدرێت بە کۆمپانیاکە بۆ ئەوەی پرۆژەی نیشتەجێبونی لەسەر ئەنجام بدات.

## ١٠. کۆمپانیاکان نەک سزانادرێن بەڵکو پاداشت دەکرێن

ئەگەرچی کۆمپانیاکان جێی رەخنەی هاولاتیانن، بەڵام بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان تائێستا هیچ کۆمپانیایەکی سزا نەداوە، دەڵێت: ئاگادارمان کردونەتەوە.

هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، وتی: تەواونەکردنی پڕۆژەکان و ئەو کەموکورتیانەی تێیاندایە، بەهۆی ئەوەوە بوە کە بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنان لە گەرمیان نەبوە و سەرپەرشتی وردی پڕۆژەکان نەکراوە، هەروەک ئەمەش لەکاتێکدا بوە کە بەڕێوبەرێکی دیکە لە وەبەرهێنانی گەرمیان بوە جگە لە من.

لەبارەی شێوازی لێپێچینەوەی ئەوان لە بونی سەرپێچی لەلایەن کۆمپانیا جێبەجێکارەکانی پرۆژەکانی نیشتەجێبونەوە، وتی: لەڕوی یاساییەوە بەرامبەر بەکەمتەرخەمی وەبەرهێنەکان سزا دیاریی نەکراوە، بەڵکو ئێمە ئاگادارکردنەوەیان بۆ دەکەین زیاتر لە جارێک، ئەگەر پابەندنەبێت بەئاگادارکردنەوەکانمان، ئەوا دەتوانین مۆڵەتی پڕۆژەکەی پێی هەڵبوەشێنینەوە.

کۆمپانیاکان کە سەرپێچی دەکەن یان پرۆژە تەواو ناکەن، نەک لێیان ناپرسرێتەوە، بەڵکو پرۆژەی دیکەشیان پێدەدرێت.

کۆمپانیای روناکی شار کە پرۆژەی یەکەمی کە هێلان سیتییە، دوای ١٣ ساڵ هێشتا حکومەت وەرینەگرتوەتەوە بەهۆی بونی کەموکورتی تێیدا، کەچی لەم سالانەی دواییدا پرۆژەیەکی دیکەی پێدرا کە پرۆژەی لانە سیتی بو، ئێستا ئەویش هەر بەهۆی بونی کەموکورتی تیایدا، وەرنەگیراوەتەوە.

ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەوکات قەیرانی نیشتەجێبون هەبو لەگەرمیان، وەبەرهێنی دیکەش نەبوە کە پڕۆژە ئەنجامبدات، بۆیە کە کۆمپانیاکە پرۆژەی لانە سیتی پێدرا قەیرانی نیشتەجێبون هەبو و هیچ وەبەرهێنێکی دیکەش مۆڵەتی نەبو.

بەڵام لە ئێستاشدا هەندێک پرۆژەی دیکە کە وەرنەگیراونەتەوە، کەچی فراوانکردنیان بۆ کراوە، وەکو: تابلۆ سیتی، بان سیتی و لانە سیتی.

پرۆژەی تابلۆ سیتی ١٧ دۆنم، بان سیتی ٣٣ دۆنم و لانەسیتی ٨ دۆنم فراوانکردنیان بۆ دەکرێت.

سەرۆکی شارەوانی کەلار، ئەکرەم سالح، فراوانکردنی پرۆژەکان بە حاڵەتێکی «ئاسایی» دەزانێت و وتی: ئەو زەویەی بە لانە سیتی دراوە زەویەکەی کەمە و بۆ پڕۆژەی دیکە نابێت، بۆیە لەبەرامبەر فراوانکردنی پڕۆژەکە چەند پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاریی پێدەکرێت، لەوانە: شەقام و کارەبا بۆ پڕۆژەکە کە دەبو حکومەت بیکات.

«فراوانکردنی پرۆژەی بان سیتی بە ٣٣ دۆنم زەوی بەو بیانوەیە کە سێ بەشی خزمەتگوزاریەکان لە فراوانکردنەکەیدا ئەنجام دەدرێت، چونکە لە پێشوتردا دروستکردنی: قوتابخانە، بنکەی ئاگرکوژێنە و بنکەی تەندروستی وەک پێداویستی پڕۆژەکە دیاریکراوە، بەڵام نەخراوەتە سەر تێچوی پڕۆژەکە، واتا بەشداربوانی پرۆژکە پارەی ئەو خزمەتگوزاریانەیان لەسەر هەژمار نەکراوە». بەرێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان وای وت.

وتیشی: وەبەرهێن مافی خۆیەتی داوای فروانکردن بکات بۆ پڕۆژەکەی کە بەڕێکاری ئیداری و بە پێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦ وەبەرهێنان رێگەپێدراوە، بەڵام ئێمە لە بەرامبەر ئەم فراوانکردنە داوای ئەنجامدانی پرۆژەمان لە وەبەرهێنەکە کردوە، بۆنمونە وەبەرهێنەری پرۆژەی تابلۆ سیتی دایەنگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانە دروست دەکات و دڵنیاین کە لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا دەوامی تێدا دەکرێت.

ئەمەش لەکاتێکدایە ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بەڕێوبەری وەبەرهێنان ئاماژەی پێکرد لەبەرامبەر فراوانکردنی پرۆژەی تابلۆ سیتی بە وەبەرهێنەکەی دەکەن، خۆی لە بنەڕەتەوە دەبو وەبەرهێنەکە دروستی بکردایە و هی پرۆژەکەی پێشویەتی و هەتا ئێستاش تەواوی نەکردوە!

## ١١. دەستپێنەکردنی هەندێک لە پڕۆژەکان

ئەگەرچی هەندێک لە پڕۆژەکان رەزامەندییان بۆ گەڕاوەتەوە، بەڵام بەهۆی بونی کێشەوە، دەستیان پێنەکردوە، یەکێک لەو پرۆژانەش، مارینایە کە پرۆژەیەکی میکسە (پرۆژەی تێکەڵی بازرگانی و نیشتەجێبون و گەشتیاریی) و لەسەر روباری سیروانە.

هۆشمەند عوسمان، بەڕێوبەری پرۆژەی شاری نمونەیی مارینا، لەوبارەوە وتی: لایەنی حکومی کەمتەرخەمن لە رادەستکردنی شوێنەکە بە ئێمە.

ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان نەخشەی تەلارسازییان پێشکەش بە لایەنی حکومی کردوە و دەبێت حکومەت زەویەکەیان رادەست بکات بۆ ئەوەی ئەوان دەست بە کار بکەن کە سەرەتا پێش هەر پرۆژەیەک دەبێت برگە خزمەتگوزارییەکان تەواو بکەن کە سەرەکیی ترینیان و یەکەمیان کۆڕنیشەکەیە.

باسی لەوەشکرد لەگەڵ ٨٥٪ی ئەو خەڵکەی کە پێشتر لەو ناوچەیە کشتوکاڵ و کاسبیان هەبوە رێککەوتون و پارەیان پێیانداوە، بەڵام ئەوەکەی دیکە ماوە و بەوتەی خۆی: «حکومەت هاوکارمان نیە و ئەو خەڵکەش دەرناچێت و مەجبورین بەدیاریەوە دانیشین تا قەناعەت دەکەن».

لایخۆشیەو، ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار وتی: کۆرنیشەکە لە دراسەدایە، ئێستا لیژنەیەکی باڵا سەرپەرشتی دەکات بۆ ئەوەی ئەپدەیتی تەواوی بکرێت و پەسەند بکرێت، هەتا پەسەندیش نەکرێت دەست ناکرێت بەکارکردن تێیدا.

لەبارەی بونی رێگرییشەوە، وتی: ئەوکاتەی کە پەسەند کرا، هەر رێگرییەک هەبێت کار لەسەر لادانی دەکەین.

رێگرییەکان بە تەنها لەو پرۆژەیەدا نیە، بەڵکو زۆر پرۆژەی دیکەش کەموکورتیی و رێگری تێدا هەبون و بەوهۆیەوە نەچونە بواری جێبەجێکردنەوە یان لە جێگەی خۆیان وەستابون، هەربۆیە لە رۆژی ٢٠ی حوزەیرانی ئەمساڵ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم قوباد تالەبانی، سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگە پەیوەندییدارەکانی گەرمیانی کرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، کە سەرەنجام بڕیاردرا لیژنەیەک پێکبهێنرێت بە سەرۆکایەتی نوسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەت، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان.

## ١٢. پرۆژەکان لێکەوتەیان بۆسەر ژینگە هەیە

بە رای شارەزایان، پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە پاڵ سودەکانی دا، لە زۆر رووەوە لێکەوتەی سلبی دەبێت، بەتایبەتی کە بەشێوازێکی پێشتر داڕێژراو و لەسەر بنەمای زانستی نەکراون.
عەبدولموتەڵیب رەفعەت، مامۆستای زانکۆی گەرمیان و پسپۆڕی ژینگە و ئاو، پێیوایە ژمارەی خودی پرۆژەکانی نیشتەجێبون زۆرن و زیاترن لە ئاستی پێویست.
لەم بۆچونەدا، رزگارعەبدولکەریم، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری نیشتەجێکردن، هاوڕایە و دەڵێت: ئەوەی ئێستا هەیە بابەتی فراوانکردن وخزمەتکردن نیە، بەڵکو تەخشان و پەخشانکردنی زەوییە، کە ئەمانە ناکرێت هێندە بە سانایی بکرێن.
زۆربونی ئەم پرۆژانە، کاریگەری لەسەر ژینگە دەبێت.
عەبدولموتەڵیب رەفعەت، ئاماژەی بەوەکرد، دروستکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبون رێژەی زەوی قیرتاو و کۆنکرێت لە شاردا زیاد دەکات، ئەمەش وادەکات گەرمای نێو شار زیاتر بێت.
ئاماژەی بەوەشکرد، بۆ چارەسەری ئەمە دەبێت روبەری سەوزایی زۆر بکرێت و دارستانی دەستکرد بونیاد بنرێت.
یەکێکی دیکە لە زیانەکانی پرۆژەکە بەوتەی ئەو پسپۆڕە، زیادکردنی مەترسی دروستبونی لافاوە.
وتی: بەشێکی زۆری پرۆژەکان لەسەر رێڕەوە ئاویەکان دروست کراون، بۆیە مەترسی دروستبونی لافاوی لێدەکرێت.
لەلایەکی دیکەوە ئەو پرۆژانە دەبنە هۆکاری زیانگەیاندن بە کشتوکاڵ.
بەپێی روپێویەکی رۆژنامەنوس: ئاسۆ وەهاب، لەساڵی ٢٠١٢ەوە هەتا سەرەتای ٢٠٢٢، ٣ ملیۆن و ١١١ هەزار و ٨٧٤ مەتر دوجا زەوی لە کەلار کراون بە پرۆژەی نیشتەجێبون، کە ئەمانەش لەسەر زەوی کشتوکاڵی بون.
لەبەرامبەردا بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، رەدیکردەوە کە ئەو زەویانەی کراون بە نیشتەجێبون کشتوکاڵیی بن، بەڵکو وەکخۆی وتی: بەردەڵانیی «×خری»ن.
بەشێک لەو روبەرە زەویانە، لەوەڕگان، کە بە وتەی عەبدولموتەڵیب رەفعەت زیانی بۆ لایەنی کشتوکاڵیی «ئاژەڵداریی» دەبێت.
دیارترین زیانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە بواری ژینگە و سروشتدا، لە بواری ئاو دایە، چونکە سەرچاوەی ئاوی پرۆژەکان کراون بە بیری ئیرتیوازی، ئەمەش وادەکات ئاستی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە کەم بکات و مەترسی بکەوێتەسەر.
بەوتەی عەبدولموتەڵیب رەفعەت، پەنابردنە بەر ئاوی ژێر زەوی بەوهۆیەوەیە کە تێچونەکەی کەمترە، ئەگینا زیان و لێکەوتەکانی زیاترە.
بەوتەی ئەو شارەزایە، باشترین کار سودبینینە لە ئاوی سیروان لە رێگەی پاڵاوگەی ئاوی کەلارەوە.

سامان رەحیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، وتی: لە ئێستادا ناتوانین ئاو بۆهیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێبون لە پاڵاوگەی کەلارەوە دابین بکەین، چونکە توانای ئەوەی نیە ئەو گەڕەکانەی تری بکەوێتە سەر، بۆیە دەبێت فراوانکردن بۆ پاڵاوگەکە بکرێت یان کۆمپاکت یونت دابنرێت.
هەندێک لەو پرۆژانە کە سەرچاوەی ئاوەکەیان بیری ئیرتیوازییە، کێشەی ئەوەیان هەیە کە ئاستی سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوییان کەمە و بەشی ئەوەناکات ئاو بە تەواوەتی بدات بە پرۆژەکە، ئەمەش بەتایبەتی لەو پرۆژانەدا دەردەکەون کە لەو دیو شەقامی پشتێنەیی کەلارن لە ریزی زانکۆی گەرمیان.
نوێترین پرۆژە کە پرۆژەی بان سیتییە، لە رادەستکردنەوەی دا دەرکەوتوە گرفتی کەمی ئاوی دەبێت و بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار پرۆژەکەی وەرنەگرتوەتەوە.
سامان رەحیم، لەوبارەوە وتی: بۆ ئەو پرۆژەیە رۆژانە ٢٠٠٠م ئاو پێویستە، کەچی ئەو بیرانەی لێدراون تەنها دەتوانن لە رۆژێکدا ٢٠ بۆ ٢٥ مەتر ئاو دابین بکەن.
کێشەکە بەوتەی: حامد جومعە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی گەرمیان، ئەوەیە کە ئاستی ئاوی ژێرزەوی بەشێکی ئەو ناوچەیە کە لە روی جیلۆجیەوە بە چینی (لەوەر بەختیاریی) ناودەبرێت، لاوازە و ئاوەکەی کەمە.
بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: «کۆمپاکتێک بۆ ئاوی بەردەسور دەکەین»، دڵنیاییش دەدات گرفتی کەمئاویی دروست نابێت.
هونەر مەحمود، وتیشی: سەرجەم پرۆژەکان بۆ لێدانی بیر رەزامەندیی بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیانیان هەیە، ئەگەر بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار ئەو بابەتە بخاتە ئەستۆی کۆمپانیاکە ئەی خۆی کارمەندی هەیە واتا میلاکی هەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی بیرەکان.
باسی لەوەشکرد دابینکردنی ئاو لە ئەستۆی کۆمپانیای جێبەجێکارە، لەوبارەوە وتی: «بەهەمو شێوەیەک کۆمپانیا بەرپرسیارە لەدابینکردنی ئاو تەنانەت بەکرینەوەی ئاویش بێت لەو بیرانەی لەسەر روباری سیروان هەن».
وەک بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار ئاماژەی پێدا، باشترین چارەسەر ئەوەیە پاڵاوگەی ئاوی کەلار فراوان بکرێت و لەوێوە ئاو بگەیەنرێتە پرۆژەکانی ئەو دیو شەقامی پشتێنەیی کەلار، بەڵام بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان ئەمە بە دور دەزانێت بەهۆی تێچوەکەیەوە.
هونەر مەحمود، وتیشی: پرۆژەکە بڕی ١٠ بۆ ١٢ ملیار دینار تێچوەکەیەتی، لەکاتێکدا موچەی هەمو گەرمیان ٣٠ ملیارە!

## بەشی دووەم: گرفتەکانی پڕۆژەکانی نیشتەجێبون

### یەکەم: پرۆژە تەواوکراوەکان

بریتین لەو پرۆژانەی کە تەواوکراون و هاوڵاتیان رۆشتونەتە ناو پرۆژەکە و یەکەکانیان، وەکو: دریم لاند، هێلان سیتی، کەلاری نوێ (تابلۆ سیتی)، لانە سیتی، نۆژین سیتی و بان سیتی.

جگە لە پرۆژەکانی: دریم لاند و نۆژین سیتی، چوار پرۆژەکەی تر، بە فەرمی لەلایەن حکومەتەوە وەرنەگیراوەتەوە، ئەویش بەهۆی هەندێک کێشەوە کە لە خوارەوە خراونەتەڕو.

### ١. تەواونەکردنی پرۆژە و خزمەتگوزارییەکان

بەشێک لەو پرۆژانەی کە تەواوکراون و هاوڵاتیان چونەتە ناویان، لە راستیدا تەواو نەکراون، واتا هەمو برگەکانی تەواو نەبوە و هەندێک لە خزمەتگوزارییەکانی کەموکورتییان تێدایە.

سەباح کەلاریی، دانیشتوی پڕۆژەی کەلاری نوێ (تابلۆ ستی) یە کە پێکهاتوە لە ٩٠٠ یەکە. باس لەوەدەکات ماوەی ٨ ساڵە پڕۆژەکە تەواو کراوە و بەنیوە و ناچڵی کۆمپانیەکە بەسەر هاوڵاتیاندا بەجێی هێشتوە و خۆیان وەکو بەشداران پارەیان تێدا خەرج دەکەن.

وتیشی: یەکەکانمان هێندە دواکەوت بە ناچاری خۆمان پارەمان بۆ خەرج کردە بۆ تەواوکردنی، نزیکەی ١٩٠٠ (١٩ گەڵا) دۆلارمان تێدا خەرج کردوە لە بری کۆمپانیا، سەرەتا کۆمپانیا پێی وتین خۆتان پارەی تێدا خەرج بکەن و دواتر پارەکانتان بۆ خەرج دەکەینەوە، بەڵام بۆ کەسێک کە یەک ملیۆن دیناری سەرف کردوە کۆمپانیا ١٥٠ هەزار دیناری خەرج دەکرد، بەئێستاشەوە کە پڕۆژەکەی رادەستی ئێمە نەکردوە داوای قیستی کۆتایی دەکات.

وتیشی: هەمومان کراوینەتە قوربانیی کۆمپانیا، ئەو خزمەتگوزاریانەشی دروستی کردوە خراپ بوە، وەک: قیرەکەی.

هەمان گرفت لە پڕۆژەی لانە سیتی دا هەیە کە ژمارەی یەکەکانی ٣٣٠ یەکەیە و کۆمپانیای روناکی شار جێبەجێی دەکات، بەشێوەیەک دانیشتوانەکەی ئەوەدەخەنەڕو کۆمپانیا بەبێ ئەوەی یەکەکان تەواو بکات لە رێگەی دادگاوە داوای قیستی کۆتایی پڕۆژەکە دەکات.

دەشتی محەمەد، دانیشتوی پڕۆژەکە، باسی لەوەکرد: وەبەرهێنی پڕۆژەکە لە رێگەی دادگاوە فشاری خستوەتە سەر بەشداران بۆ وەرگرتنەوەی قستی کۆتایی پڕۆژەکە، کە ئەمەش پێچەوانەی کاری کۆمپانیاکەیە کە خۆی کردویەتی و پڕۆژەکەی بەجێهیشتوە.

دەشڵێت: لە ناچاریی دا خۆم دەستم دایە تەواوکردنی یەکەکەم بۆ ئەوەی بەچۆڵی نەمێنێتەوە، نزیکەی ٢ هەزار (٢٠ گەڵا) دۆلارم تێدا خەرج کردوە.

سەرباری ئەوانەش وەکخۆی دەڵێت: کۆمپانیایی جێبەجێکار سکاڵای لەسەر کردوین بەو بیانوەی قیستی کۆتایی پڕۆژەکەمان پێنەداوە.

لەبەرامبەردا، ئەحمەد حەسەن، خاوەنی کۆمپانیای روناکی شار کە جێبەجێکاری پڕۆژەی لانە سیتییە، وتی: ئێمە مافی خۆمانە کە داوای پارە بکەین، چونکە پڕۆژەکەمان تەواو بوە.

رەتیشیدەکاتەوە هاوڵاتیان خۆیان پارەیان بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکانیان خەرج کردبێت «خەرجکردنی پارە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بۆ شتی دیکە بوە کە ویستویانە خۆیان ئەنجامی بدەن، بۆ نمونە: دکتی موبەڕیدە کە ئەمە لەپڕۆژەکەی ئێمەدا نییە خۆیان رەزامەند بونە لە سەر ئەستۆی خۆیان بیکەن».

گەرچی پرۆژەی بان سیتی نزیکە لە رادەستکردنی یەکەکان بۆ بەشداربوان و هەندێک لە بەشداربوانیش ماڵیان بردوەتە نێو یەکەکان، بەڵام وەک بەشدارانی ئاماژەی پێدەکەن کەموکورتی لە پڕۆژەکان هۆکارە بۆ ئەوەی یەکەکانیان وەرنەگرنەوە .

کاروان ئیبراهیم، بەشدارێکی پرۆژەکە، باسی لەوەکرد: ئەوان هیچ گرەنتیەکیان نیە کە کۆمپانیا پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان تەواو دەکات، چونکە قوتابخانەکە تەواو کراوە، بەڵام ئامادەکاریی بۆ نەکراوە، بۆیە نازانین چارەنوسی ئەو بڕگە خزمەتگوزاریانەی ناو پڕۆژەکە چی لێدێت.

وتیشی: دەبو مزگەوت، یاریگا، بازاڕ، بنکەی تەندروستی، بنکەی بەرگری شارستانی و یەکەی چارەسەری ئاوی قورس لە پڕۆژەکەدا هەبوایە، بەڵام هیچیان نەکراوە، کەواتە چۆن بتوانین پڕۆژەکانمان وەربگرینەوە.

ئازاد ئەحمەد، بەشداربویەکی پڕۆژەی لانە سیتییە، وتی: قوتابخانەمان نیە و خوێندکارەکانمان لە نێو کابینەیەکدا وانە دەخوێنن.

بەهەمانشێوە پڕۆژەی تابلۆ سیتییش قوتابخانەی تێدا نییە.


سیروان محەمەد، بەشداربوی پرۆژەکە، وتی: قوتابخانەی نێو پڕۆژەکە نەکراوەتەوە.

لەبارەی ئەم کێشانەوە، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: ئەو کەموکورتیانە لای ئێمەش دیارن.

هونەر مەحمود، وتیشی: پڕۆژەی لانە سیتی گرفتی ئەوەبو کە پرۆژەیەکی گوێزراوەیە لە هەڵەبجەوە، وردەکاریی ئەنجامدانی پڕۆژەکە وەکخۆی دانەنراوە کە وەبەرهێنی پڕۆژەکە باسی لەوەکرد ئەم پڕۆژەیە سندوقی نیشتەجێبونە، بەمەش ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی ناکەوێتە ئەستۆی، بەڵام رونکردنەوەمان پێدراوە لەسەر ئەو پڕۆژانە کە دەکەونە بەر سندوقی نیشتەجێبونیش دەبێت پڕۆژەکان وەکخۆی ئەنجامبدەن و کۆمپانیامان لەوبارەیەوە ئاگادار کردوەتەوە.

لەبارەی پرۆژەی بان سیتییشەوە، ئاماژەی بەوەدا خزمەتگوزارییەکانی جێببەجێکردوە، وتی: ئەو پڕۆژە خزمەتگوزاریانەی دروستکردوە کە دەبو بیکات، لەوانە: قوتابخانەکەی تەواوکردوە تەنها دانانی کەرەستەکانی خوێندن و ژورەکانی ماوە.

سەبارەت بە پرۆژەی تابلۆ سیتییش، ئاماژەی بەوەکرد لەو فراوانکردنەی کە بۆ پرۆژەکە کراوە، کۆمپانیاکە ناچارکراوە کە خزمەتگوزارییەکان تەواو بکات و بۆ وەرزی نوێی خوێندنیش قوتابخانەی پرۆژەکە ئامادە دەبێت.



## ٢. کێشەی قیست و سکاڵای دادگا

کۆمپانیاکان پڕۆژەکانیان تەواو ناکەن و داوای رادەستکردنی قیستی کۆتایی پڕۆژەکانیان دەکەن وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: بەهیچ جۆرێک نابێت هاوڵاتیان پارە بدەن.

پڕۆژەی نیشتەجێبونی لانە سیتی لەگەڵ ئەوەی وەبەرهێنی پڕۆژەکە بەهۆی کەموکورتیەوە حکومەت پڕۆژەکەی لێوەرنەگرتوەتەوە، بەڵام فشار لەدانیشتوانی پڕۆژەکە دەکات بۆ پێدانی قیستەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە.

سامان حسێن، دانیشتوی ئەو پڕۆژەیە و دەڵێت: ئێستا کۆمپانیا بەردەوامە لەفشارکردن بۆ ئەوەی قیستی یەکەکانی رادەست بکرێت.

وتیشی: بەڵام بەهۆی ئەنجامنەدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی نێو پڕۆژەکەوە، رەتمان کردوەتەوە هیچ بڕە پارەیەکیان پێبدرێت.

وتیشی: تاوەکو تەواوکردنی کۆی یەکەکە بە نزیکی ٤٥ هەزار (٤ دەفتەر و نیو) دۆلار لەسەرمان دەکەوێت، هەتا رادەستکردنی یەکەکان دەبیت ٦٠٪ پارە بدرێت، ئەو بڕە پارەیەی دەمێنێتەوە دەکرێتە قیستی درێژخایەن، بەوپێیەش تاوەکو ئێستا ٢٧ هەزار (٢٧٠ گەڵا) دۆلارم داوە و ١٧٠٠٠ (١ دەفتەر و ٧٠ گەڵا) دۆلاری دیکەمان لایە.

کۆمپانایا روناکی شار کە جێبەجێکاری پڕۆژەی لانە سیتییە، بە بەردەوامی هۆشداریی بۆ بەشداران دەنارد بۆ ئەوەی قیستەکانیان بدەن.

بەڵام بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان لە نوسراوێکدا لە ٢٥ی حوزەیرانی ئەمساڵ، هۆشداری داوەتە کۆمپانیاکە چیتر هۆشداریی بۆ بەشداران نەنێرێت هەتا خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکە تەواو دەکات.

کێشەکەش ئەوەیە کە بەوپێیەی پرۆەی لانە سیتی بە پشت بەستن بە سندوقی نیشتەجێکردن ئەنجامدراوە، کۆمپانیا دەڵێت پابەند نییە بەوەی برگە خزمەتگوزارییەکانی نێو پڕۆژەکە ئەنجام بدات، بەڵکو دەبێت حکومەت خۆی بیکات.

لەبەرامبەردا وەبەرهێنانی گەرمیان لە لێدوانیان بۆ ئێمە و هەروەها بەپێی نوسراوەکانیشیان کە بۆ کۆمپانیاکەیان ناردوە و وێنەیان لێ بڵاوکردوەتەوە، کۆمپانیاکە ناچار دەکات بە ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکان.

پرۆژەی تابلۆ سیتی بەهەمانشێوە گرفتی هەیە لە پێدانی پارەی قیستی یەکەکانی، بەڵام بەشداران دەڵێن: رێژەیەکی زیاتر پارەمان بەکۆمپانیا داوە.

سیروان محەمەد، بەشداربوی پڕۆژەکە، وتی: نرخی هەر یەکەیەک بە بەگشتی (٧٦) ملیۆن دینارە تا کۆتا قیست، بۆ ئەو یەکانەشی کە روکنن (٨٠) ملیۆن دینارە، بەڵام ئێمە بەگشتی ٩٠٪ی پارەکەمان رادەستی کۆمپانیاکە کردوە.

ئاماژەی بەوەشدا کە خۆی بڕی ٧٢ ملیۆن دیناری رادەستی کۆمپانیاکە کردوە و چیتر ئامادە نین هیچ بڕە پارەیەکی تر بدەن، ئەمە لەکاتێکدایە کۆمپانیای وەبەرهێنی پڕۆژەکە لە رێگەی نوسراوی دادگای هەولێرەوە هاوڵاتی ناچاردەکات پارەکانیان رادەست بکەن.

لەبەرامبەردا، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: دانیشتوانی تابلۆ سیتیمان ئاگار کردوەتەوە کە هەر کەسێک ٧ ملیۆن دینار قیستی کۆتایی لایە نەیدات بە کۆمپانیا، ئەمەش سزایە بۆ وەبەرهێنەکە.

بەشدارانی پڕۆژەی بان سیتیش بەهەمانشێوە نیگەرانن لە شێوازی قیستەکانیان.

کارزان ئیبراهیم، بەشداربوی پڕۆژەکە، وتی: تاوەکو ئێستا کە کۆمپانیاکە یەکەکان رادەستی بەشداربوان دەکات، ٣٧٠٠٠ (٣ دەفتەر و ٧٠ گەڵا) دۆلار دراوەتە کۆمپانیاکە، بەڵام ئێمە پێمانوایە هێستا پڕۆژەکە تەواو نەبوە، کەچی داوای قیستی کۆتایی رادەستکردنی دەکرێت، بەمەش دەبێت ٢٤٠٠٠ (٢ دەفتەر و ٤٠ گەڵا) دۆلار بە قیستی درێژخایەن بدەینەوە بە کۆمپانیا.

بەڵام وەبەرهێنانی گەرمیان پێیوایە پڕۆژەی بان سیتی وەکو دو پڕۆژەکەی دیکە نیە و کێشەی نیە.

لایخۆشیەوە بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: ئێمە هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نین تاوەکو کۆمپانیا یەکەکان بەتەواوی و بە هەمو برگە خزمەتگوزارییەکانیەوە تەواو نەکات، هیچ بڕە پارەیەک یاخود قیستی کۆتایی پێ بدرێت.

وتیشی: بەشداران هیچ قیستێک نەدەن تاوەکو وەبەرهێنەکە خزمەتگوزارییەکان تەواو دەکات، چونکە هەندێک لەو پڕۆژانە فراوانکردنیان بۆ کراوە، ئێمە لەبەرامبەردا پابەندمان کردون بە ئەنجامدانی ژمارەیەک پڕۆژەی خزمەتگوزاری.

لەبارەی پڕۆژەی بان سیتییشەوە وتی: هیچ کێشەیەکی نیە لە رادەستکردنەوەی پڕۆژەکەیە بە دانیشتوان.

## ٣. کێشەی وەرنەگرتنەوەی پرۆژەکان

زۆرینەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون کە بەحساب تەواوکراون و ماڵ چوەتە نێو یەکەکان، لەلایەن حکومەتەوە وەرنەگیراونەتەوە، ئەویش بەهۆی بونی کەموکورتیی تیایاندا.
پرۆژەی لانە سیتی، تائێستا وەرنەگیراوەتەوە، چونکە بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، ئامادە نییە برگەی ئاوی پرۆژەکە وەربگرێتەوە.
سامان رەحیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، وتی: لانەسیتی لەلایەن بەڕێوبەرایەتیمانەوە وەرنەگیراوەتەوە، بەوهۆیەی کە سەرپەرشتی تۆڕەکە لەلایەن ئێمەوە نەکراوە و تەنانەت کەرەستەکانیان بەراورد نەکراوە.
هەرچی پرۆژەی بان سیتییە، لەلایەن شارەوانی کەلارەوە وەرنەگیراوەتەوە، بەهۆی ئەنجامنەدانی برگەی وێستگەی چارەسەری ئاوە قورس.
ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، وتی: پرۆژەی بان ستی هەمو خزمەتگوزارییەکانی تەواو بوە، تەنها برگەی خزمەتگوزاریی تیایدا کە تەواو نەکراوە، یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆکەیەتی.
وتیشی: لە ئێستادا چارەسەرێکی بەدیلیان بۆ داناوە تاوەکو ئەو یەکەی چارەسەرە تەواو دەبێت کە دەکەوێتە ناو پرۆسەی فراوانکردنەوەی پرۆژەکە کە ئەمەش لە رێکاردایە.
جەختی لەوەشکردەوە سەربارى ئەوەش پرۆژەی بان سیتی وەرناگرنەوە، تاوەکو ئەو یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆیە تەواو نەبێت.
هێلان سیتی یان ئەوەی لەناو هاوڵاتیان دا بە «گوندی ئەڵمانی» ناسراوە، کۆنترین پرۆژەی نیشتەجێبونە، بەڵام تائێستا لەلایەن حکومەتەوە وەرنەگیراوەتەوە.

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شاروانی کەلار، وتی: گرفت لە ئاوەڕۆکەی و شەقامەکانی دا هەیە، ئێستا لیژنەیەک پێکدەهێنرێت بۆ تۆمارکردن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لەو یەکانەدا.
خەلیل بەرزان، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کەلار، وتی: پرۆژەی هێلان سیتی برگەی کارەباکەمان وەرنەگرتوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هاوڵاتی تێیدا نیشتەجێ بوە، بوەتە ئەرکی ئێمە کە سەرپەرشتی کارەباکەی بکەین.
پرۆژەی تابلۆ سیتیش، بەهەمانشێوە نە لەلایەن شارەوانی و نە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئاو و کارەباشەوە وەرنەگیراوەتەوە.
بەڕێوبەری فەرمانگەی خزمەتگوزارییەکان، پێیانوایە ئەم رێکارەی ئێستا هەیە، هەڵەیە و دەبێت رۆڵی ئەوان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون دا زیاتر بێت بۆ ئەوەی دواتر لە وەرگرتنەوەی دا کێشە دروست نەبێت.
بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، سامان رەحیم، وتی: ئێمە بەنوسراوی فەرمی داوامان کردوە پرۆسەی سەرپەرشتیکردنی ئاوی پرۆژەکان لەلایەن ئێمەوە بکرێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا هەیە تەنها یەک ئەندامی ئێمە لە لیژنەیەکی سەرپەرشتایری پرۆژەکەدا هەبێت، چونکە بەوجۆرە رۆتینات کەم دەبێتەوە.
ئەمە داواکاری بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کەلاریشە.
خەلیل بەرزان، دەڵێت: ئێمە گازندەی ئەوە دەکەین کە پرسمان پێناکرێت، بەڵکو خودی وەبەرهێنانی گەرمیان سەرپەرشتی دەکات، بۆنمونە پرۆژەی تابلۆ سیتی چەندین کێشەی هەیە لە کێبڵ و بۆردی کارەباکەیان.

## ٤. ناچارکردنی بەشداران بە وەرگرتنی یەکەکانیان

نوێنەرێکی بەشداربوانی پرۆژەی بان سیتی ئاماژە بەوەدەکات کە کۆمپانیاکە دەیەوێت بە فشار بەشداران یەکەکانیان وەربگرنەوە.
کارزان ئیبراهیم، وتی: کۆمپانیا فشارمان لێدەکات بە وەرگرتنی یەکەکانمان بۆ ئەوەی خۆیان زیانی دارایی نەکەن.
وتیشی: لەئێستادا کۆمپانیاکە دەیەوێت بە زۆرەملێ و بەبێ تەواوکردنی خزمەتگوزاریەکانی نێو پرۆژەکە، یەکەکان رادەستی بەشداربوان بکات.
سەرۆکی لقی گەرمیانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، عەدنان محەمەد، دەڵێت: ئەو کێشەیە چارەسەر نەکراوە، پەیوەندیم لەگەڵ دانیشتوانی پرۆژەکە هەیە، دەبێت سکاڵا بکەن کە کۆمپانیا فشاری لێکردون.
پرۆژەی بان سیتی هی چین و توێژەکانە و بەناوی توێژی کرێکارانەوە دروستکراوە، ئەگەرچی بە وتەی عەدنان ئەحمەد بە هۆی بەرزی نرخی یەکەکانیەوە کە لە توانای کرێکار و کاسبکاراندا نیە، زۆربەیان پسوڵەکەیان فرۆشتوەتەوە.
لە بەرامبەردا، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: بە

هیچ جۆرێک زۆرەملێ بونی نیە، بەڵکو ئەوەی هەیە هەموی لە گرێبەستەکانیان دا هەیە و دەبێت هەمو لایەنێک پیوەی پابەند بێت، ئەوەی کێشەیە هاوڵاتی گرێبەستەکانیان ناخوێننەوە.
هەبونی زیاتر لە کەفیلێک کێشەیەکی دیکەی پرۆژەکەیە، بەوەی بەشداربو پێش ئەوەی کلیلی یەکەکەی رادەست بکرێت، دەبێت کەفیلێک بێنێت کە موچەکەی ٣ ملیۆن دینار بێت، بەوپێیەیشی کە کەم فەرمانبەر هەیە موچەکەی ٢ ملیۆن دینار بێت، ئەوا کەسەکە دەبێت چەند فەرمانبەرێک بکات بە کەفیل و پێکەوە پارەکەی بکاتە ٣ ملیۆن دینار.
یونس غازی، بەشداربوی پرۆژەکە، دەڵێت: بەدوای کڕیارەوەم بۆ فرۆشتنەوەی یەکەکەم، چونکە کەسم دەست ناکەویت بۆ کەفیلیی، مەرجی کۆمپانیا کەفیلە کە موچەکانیان بگاتە ٢ ملیۆن دینار، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن لەکاتی پێنەدانی قیست یان گرفتێک، پارەی کەفیلەکانمان ببڕن و رێژەی قیستەکەی خۆیان دەست بکەوێتەوە.

## ٥. کێشەی روبەری سەوزایی

حکومەت داتایەکی ڕونی لەبارە ڕێژەی ئەنجامدراوی سەوزایی لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لەلا نیە، پسپۆڕێکی بواری ژینگەش دەڵێت نەبونی چاودێری لەلایەن حکومەتوە هەلێکی باشی قۆستوەتەوە بۆ کۆمپانیاکان.

بڕی ٢ ملیار دینار بۆ دروستکردنی روبەری سەوزایی لە پڕۆژەی تابلۆ سیتی تەرخانکراوە، بەڵام کۆمپانیاکە هیچ باخچە و روبەرێکی دروست نەکردوە، ئەمەش بەوتەی: سیروان محەمەد، بەشداربوی پڕۆژەکە.

سامان حسێن، بەشداربو لە پڕۆژەی لانە سیتی، دەڵێت: سەرەتا بۆ کاتی رادەستکردنەوەی یەکەکان، روبەرێکی سەوزاییان دروستکرد، بەڵام پاش ئەوە هیچ شتێکی نەما، تەنانەت دارێک کە کۆمپانیاکە چاندبوی نەماوەتەوە.

عەبدولموتەڵب رەفعەت، مامۆستای زانکۆی گەرمیان و پسپۆڕی بواری ئاو و ژینگە، کارەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو روەوە بە خراپ هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێت: هیچ پڕۆژەیەکی یشتەجێبون رەچاوی لایەنی ژینگەی تێدا نەکراوە، چونکە لە ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەدا پێویستی بە بە ڕێژەی سەوزایی هاوسەنگ دەبێت کەنابێت بۆ هەر پڕۆژەیەک لە ٢٥٪ کەمتر بێت.

بەڵام بەپێچەوانەوە ڕێژەی سەوزایی لەو پڕۆژانەی کە تەواوبون لە ستانداردەکان کەمترە و ئەو شوێنانەی بۆ چاندنی نەمام دیارییکراون، جێهێڵراون.

ئەو پسپۆڕە کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هۆکار دەزانێت بۆ پابەندنەبونی کۆمپانیاکان.

لەبەرامبەردا، فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، دەڵێت: ئێمە لایەنێکی راوێژکاریین نەک جێبەجێکار.

د. دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، باسی لەوەکرد: پڕۆژەی لانەی سیتی و تابلۆ سیتی ڕێژەی سەوزاییەکەیان هەرچەند بێت، بەپێی واقع حالی ئێستای پڕۆژەکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

وتیشی: پرۆژەی لانەی سیتی هێشتا رون نییە کە ئەو نەخشەیەی داویەتە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکخۆی جێبەجێی کردوە یان نا، بۆیە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجامدەدرێت.

وتیشی: بەشێکی زۆری پڕۆژەکان وەکخۆی نەخشەکەیان جێبەجێ نەکردوە، بەهەمانشێوە سەوزایەکەشیان وەکخۆی نەکردوە، بەڵکو زیادەڕەوەی هەیە و خانو هەیە لەسەر روبەری سەوزایی نێو پڕۆژەکان دروستکراوە.

شارەوانی کەلار لایەنێکی دیکەی هەڵسەنگاندن و چاودێریی ڕێژەی سەوزایی پرۆژەکانە بەتایبەت باخچەکان.

ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، وتی: باشتروایە روبەری سەوزایی لەنێو پڕۆژەکان زۆتر دەستپێبکات.

ڕێژەی جێگیرکراوی سەوزایی لە پڕۆژەکانی: (بان سیتی، بەهەشتی کەلار، قەڵای شێروانە و فەرمانبەران) بەپێی سایت پلانی جێگیرکراو، کەمترن لە ٢٥٪، بەمشێوەیەی لایخوارەوە:

- بەهەشتی کەلار (٦ ,١٥٪)ـە.
- بان سیتی (١٦ ,١٦٪)ـە.
- قەڵای شێروانە (٨٨ ,١٥٪)ـە.
- فەرمانبەران (٩ ,١٨٪)ـە.

لەبارەی پرۆژەکانی دیکەشەوە، د. دورید سەلیم، ئاماژەی بەوەدا هێشتا روپێوییان تەواو نەکردوە.

باسی لەوەشکرد: ئەو پڕۆژانەی کە کەمتر لە ٢٥٪ ڕێژەی سەوزایی ئەنجام دەدەن، دەبێت «لە بری سەوزکردن» ئەنجام بدەن، واتا لە شوێنی دیکەی ناوشار کاری سەوزکردن ئەنجام بدەن، بەجۆرێک پلانمان هەیە هەمو کۆمپانیا وەبەرهێنەکان پێکەوە هەستن بە دروستکردن یاخود سەوزکردنی پارکی مام لەقەزای کەلار.

هونەرمەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، وتی: هیچ پڕۆژەیەک نابێت کەمتر لەو ڕێژە سەوزاییەی بۆی دیاریکراوە ئەنجام بدات، ئێمە چێککردنەوە بۆ ڕێژەیی سەوزایی پڕۆژەکان دەکەین.

وتیشی ئێستا ڕێنمایی نوێمان لەبەردەستە کە دەبێت ٢٥٪ی روبەری پرۆژەکان سەوزایی بن، بەڵام ئەو پڕۆژانە لەماوەی ٥ ساڵی رابردو ئەنجامدراون و ڕێژەی سەوزاییەکانیان کەم بوە، «لەبری سەوزکردن» ئەنجامدەدەن.

## ٦. دانەنانی یەکەی چارەسەری ئاوی قورس

یەکەی چارەسەری ئاوی قورس، بریتییە لە دانانی یەکەیەک کە شاوی قورسی پرۆژەکان (زێراب و ئاوەڕۆ) چارەسەر دەکات، بەوەی دەیانپاڵێوێت و بەشێک لە ئاوەکە دوبارە بۆ پرۆژەکە بەکاردێنێت بۆ ئاودێرییکردنی پرۆژەکە بەتایبەت روبەری سەوزایی.لە کۆی هەمو پرۆژەکان، تەنها یەک پرۆژە چارەسەری یەکەی ئاوی قورسی داناوە.

لە پرۆژە کۆن و جێبەجێکراوەکان دا (هێلان سیتی، دریم لاند، تابلۆ سیتی، نۆژین سیتی و بان سیتی)، هیچیان یەکەی چارەسەری ئاوی قورسیان نیە.

لە پرۆژە نوێیەکانیش دا تەنها پرۆژەی بەهەشتی کەلار «مامۆستایان» یەکەی چارەسەری ئاوی قورسی داناوە.

پڕۆژەی بان سیتی کە نوێترین پرۆژەی تەواوبوە، بەهۆی ئەوەی یەکەی چارەسەری ئاوی قورسی دانەناوە، لەلایەن شارەوانیەوە وەرنەگیراوەتەوە و بەوتەی سەرۆکی شارەوانی لە فراوانکردنی پرۆژەکەدا بڕیارە یەکەی چاسەرەی ئاوی قورس دابنێت.

## دوەم: پڕۆژە تەواونەکراوەکان

### ١. کێشەی دواکەوتن و تەواونەکردنی پڕۆژەکان

ڕێژەی کاری ئەنجامدراو لە پڕۆژەکان، مایەی نیگەرانیی بەشداربوانە، بەشداربویەکی پڕۆژەی مامۆستایان دەڵێت: بەمشێوەیە بێت پڕۆژەکە لەکاتی خۆیدا تەواو نابێت.
پڕۆژەی بەهەشتی کەلار «مامۆستایان»، لە ساڵی ٢٠١٨ دەستی بەکارەکانی کردوە، دەبو مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٢٢ کارەکانی تەواوکردبایە، بەڵام بەپێی ڕۆژی کارکردن بۆی درێژ کراوەتەوە، بەو پێیەش دەبێت مانگی شوباتی ساڵی داهاتو پڕۆژەکە ڕادەستی بەشداربوان بکرێت.
سیروان حەسەن، بەشداربوی پڕۆژەی بەهەشتی کەلار، دەڵێت: گەورەترین کێشەی پڕۆژەکە تەواونەبونیەتی لەکاتی خۆیدا، تەنانەت بەو وادەیەی بۆی زیادکراوە، ئێمە دڵنیاین زیاتر دوادەکەوێت، چونکە کاری پڕۆژەکە لەوەدەچێت لەسەرەتای کارکردندا بن نەک کۆتایی کارەکانیان.
لەبەرامبەردا، ئازاد حەسەن، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی مامۆستایان، پێیوایە هەندێک مامۆستا بە مەبەست گرفت بۆ یەکەکان دروست دەکەن، بەوتەی خۆشیان ڕێژەی کارکردن لە پڕۆژەکە بەکۆی خزمەتگوزاریەکانەوە گەیشتوەتە ٦٠٪.
باس لەوەش دەکات کاتی پڕۆژەکە درێژ نەکراوەتەوە، بەڵکو بەپێی ڕۆژی کارکردن دیارییکراوە.
وتیشی: خانوەکانی پڕۆژەکە بەڕێژەی ١٠٠٪ دروستکراون، خزمەتگوزاریەکانیشیان هاوتەریبن.
باسی لەوەشکرد: هاوتای کارکردن لەیەکەکان، کار لە پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی نێو پڕۆژەکان کراوە، واتا چەند کار لەیەکەکان کرابێت ئەوەندەش کار لە پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان کراوە.
هونەر مەحمود ڕێژەی کارکردن لە پڕۆژەکە بەزیاتر دەزانێت و دەڵێت: لە کۆی پڕۆژەکە ٧٠٪ی کارەکانی تەواو کراوە، بۆیە پێمانوایە لەماوەی مانگی ١٠ تاوەکو مانگی ١١ی ئەمساڵ پڕۆژەکە تەواو دەکرێت و ناگاتە ساڵی داهاتو.
یەکێکی دیکە لەو پڕۆژانە، پڕۆژەی قەڵای شێروانەیە کە ڕێژەی کارکردن تێیدا بەپێی ئاماری بەرپرسی یەکێتی فەرمانبەرانی گەرمیان ٤٢٪ـە.
پڕۆژەکە ساڵی ٢٠١٩ دەستی بەکارکردن کردوە و ماوەی ساڵێک ڕاگیراوە و وادەی تەواوکردنی ساڵی ٢٠٢١ بوە، وادەکەی بۆ درێژکراوەتەوە و لە ئێستاشدا ساڵێک و سێ مانگی ماوە بۆ ڕادەستکردنی یەکەکان بەهاوڵاتیان.
ئازاد محەمەد، بەشداربو لە پڕۆژەکە، وتی: هاوڵاتی هەیە ٣٠ هەزار (٣ دەفتەر) دۆلاری دەفتەری داوە کەچی سەقفی خانوەکەی بۆ دروست نەکراوە، کۆمپانیاکە هێندە بەسستی کارەکانیان دەکەن بەشداربو ناتوانێت متمانە بکات و قیستەکانیان مانگانە ڕادەست بکات.
وەکخۆیشی وتی: وەبەرهێنانی گەرمیان هیچ ئاگاداری ئەو پڕۆژەیە نیە، زیانی ئەو پڕۆژەیە بەجۆرێکە کەمترین خواستی لەسەرە لەلایەن هاوڵاتیانەوە.
لەبەرامبەردا رزگار وەهاب، بەرپرسی یەکێتی فەرمانبەرانی گەرمیان نایشارێتەوە کە پێشوتر گرفت لەو پڕۆژەیەدا هەبوە، بەڵام ئێستا گۆڕانکاری تێدا کراوە و بەوتەی خۆیشی: ڕێژەی کارکردن لە پڕۆژەکە گەشتوەتە ٤٢٪.
لایخۆشیەوە بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، ڕەتیدەکاتەوە کاری پڕۆژەکە بەوجۆرە بێت کە باس دەکرێت.
هونەر مەحمود، وتی: ئەو پڕۆژەیە لە دو زۆنی جیاواز پێکدێت (بازرگانی و چین و توێژەکان)، بەشی چین و توێژەکان ٤٢٪ی کارەکانی بڕیوە.
یەکێکی تر لەو پڕۆژانەی کە تەواونەکراوە و تاکە پڕۆژەیە لە قەزای کفری، پڕۆژەی دەروازەی کفرییە.
ئەو پڕۆژەیە لە لایەن کۆمپانیای (خاکی عەفرین)ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە هەزار یەکە پێکدێت، بەڵام کارەکانی بە سستی بەڕێوەدەچن.
هونەر مەحمود، لەبارەی ئەم پڕۆژەیەوە وتی: ئەم پڕۆژەیە گرفتی نرخی هەیە کە نرخەکەی بەرز بو، ئێستا گۆڕانکاری تێدا دەکرێت بە کەمکردنەوەی نرخەکەی، چونکە ئەو پڕۆژەیە هیچ کێشەیەکەی نیە تەنها کێشەی کڕینەوەی هەیە، لە ئێستادا نرخی یەکەکان کەمدەکەنەوە.
وتیشی: پڕۆژەکە بازرگانییە و هی چین و توێژەکان نییە.



## ٢. کێشەی قیست و پێدانی پارە بە کۆمپانیا

گرفت لە پیدانی قیستی ئەو پرۆژانەشدا هەیە کە لە ئێستادا لەبواری جێبەجێکردنن، وەبەرهێنانی گەرمیان کەموکورتیەکان دەخاتە ئەستۆی یەکێتی مامۆستایان و یەکێتی فەرمانبەران و سەندیکای کرێکاران.
ساڵح سلێمان، بەشداربو لە پرۆژەی فەرمانبەرانی کۆمپانیای سەگرمە، وتی: پرۆژەی فەرمانبەران لە روی قیستەوە باشترن، یەکەکەی من ١٨٠ مەترە نرخەکەی ٥٧٠٠٠ (٥ دەفتەر و ٧٠ گەڵا) دۆلارە، تاوەکو ئێستا کە کارەکانی پرۆژەکە زیاتر لە ساڵێکە دەستیپێکردوە ٥٠٠٠ (٥٠ گەڵا) دۆلار دراوەتە کۆمپانیا، شێوازی قیستەکانیش شەش مانگ جارێک ٢٥٠٠ (٢٥ گەڵا) دۆلار دەبێت.
پرۆژەی قەڵای شێروانە پێدانی قیستەکانیان بەپێی هەنگاو بەهەنگاوی پرۆژەکەیە، بەجۆرێک نرخی یەکەکان لە نێوان ٥٠٠٠٠-٦٠٠٠٠ (٥ بۆ ٦ دەفتەر) دۆلار دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەی پرۆژەکانی دیکەوە گرفتێکی زۆر لە پێدانی قیستەکانی لە نێوان بەشداربواندا هەیە.
پرۆژەکە تاوەکو رادەستکردنی دەبێت ٣٩٠٠٠ (٣ دەفتەر و ٩٠ گەڵا) دۆلار درابێت، پاشان ٢١٠٠٠ (٢ دەفتەر و ١٠ گەڵا) دۆلار بە قیستی درێژخایەن دەدرێتە کۆمپانیا.
ئازاد محەمەد، بەشداربوی پرۆژەی قەڵای شێروانە، وتی: تاوەکو ئێستا١٢٨٠٠ (١ دەفتەر و ٢٨ گەڵا) دۆلارم داوە بە کۆمپانیاکە، بەڵام پێموایە تەنها ٩٧٠٠ (٩٧ گەڵا) دۆلار لەسەر خانوەکەم خەرج کراوە، ئێستاش کۆمپانیاکە خانوەکەی لێوەرگرتومەتەوە.
دڵشاد ئیسماعیل، بەشداربوی پرۆژەی بەهەشتی کەلار، وتی: بەهانەی کۆمپانیا لە دواخستنی کارەکانمان ئەوەیە لەکاتی خۆیدا قیست رادەست ناکرێت، بەڵام ئەوە راست نیە و لەکاتی خۆیدا قیستەکانمان پێداوە.
قیستی پرۆژەی مامۆستایان بەشێوازی مانگانەیە کە بری ٣٧٠ دۆلارە، دەبێت پێش رادەستکردنی پرۆژەکە ٣٣٠٠٠ (٣ دەفتەر و ٣٠ گەڵا) دۆلار رادەستی کۆمپانیاکە بکرێت کە ٦٠٪ی پارەکەیە و ٤٠٪ی پارەکەی تر بە قیستی درێژخایەن دەدرێت، تاوەکو ئێستاش بەشداربوان ٢٢٠٠٠ (٢دەفتەر و ٢٠ گەڵا) دۆلاریان داوە.
بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات شێوازی قیستەکی پرۆژەکان کە لە گرێبەستەکاندا هەیە، هەموی بە رێکەوتنی سەندیکاکانی (یەکێتی مامۆستایان، یەکێتی فەرمانبەران و سەندیکای کرێکاران) دیاریکراوە.
هونەر مەحمود، وتیشی: ئەگەر باشەیەکی هەبو پەیوەندی بەوانەوە هەیە، ئەگەر خراپیشە هەر بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، چونکە دەبێت توانای چین و توێژەکان لە پێش چاو بگرن و پاشان رێکەوتن بکەن.
لەبارەی پێدانی قیستەکانیشەوە، هونەر مەحمود، باس لەوەدەکات: ئەوان بەهیچ جۆرێک بەرپرسیار نین لەوەی کە هاوڵاتی پارەی بە کۆمپانیا داوە، دەڵێت: نابێت هاوڵاتی بە نەگەڕانەوەی بۆ ئێمە پارە بداتە کۆمپانیا، بەڵکو دەبێت ئەو پارەیە لە ئەژمارێکی بانک دا دابنێت و ئێمە بەپێی رێژەی کارکردنیان لەو پارەیە خەرج دەکەین بۆ کۆمپانیا.

## ٣. کێشەی تەواونەکردن و کارنەکردن لە خزمەتگوزارییەکان

بەشدارانی ئەو پرۆژانەی کە کارکردن تیایاندا بەردەوامە، نیگەرانن لەوەی برگە خزمەتگوزارییەکان بە باشی تیایدا جێبەجێ ناکرێت.
سیروان حەسەن، بەشداربو لە پرۆژەی بەهەشتی کەلار، دەڵێت: لە کۆتاییدا یەکەیەکمان رادەست دەکەن بەبێ ئاو و کارەبا، چونکە تاوەکو ئێستا نازانین پێدانی ئاو و کارەبا لە یەکەکانمان چۆن دەبێت.
دڵشاد ئیسماعیل، بەشداربوی هەمان پرۆژە، دەڵێت: پرۆژەکان کراونەتە دو بەشەوە، بەشێکی ئەنجامدراوە و بەشێکی ئەنجام نەدراوە، بەتایبەت کارەباکەی هیچی نابینرێت.
لەبەرامبەردا، ئازاد حەسەن، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، دەڵێت: خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەی بەهەشتی کەلار لە قوتابخانە و دایەنگا رێگاوبان، زۆر بەباشی بەڕێوەدەچن و بەرێژەی ٦٠٪ تەواو بون.
بەشداربوانی پرۆژەی قەڵای شێروانە رەتیدەکەنەوە هیچ برگەیەکی خزمەتگوزاریی تێدا ئەنجامدرابێت.
ئازاد محەمەد، بەشداربوی پرۆژەکە، باسی لەوەکرد کە زۆر بەسستی کاری تێیدا دەکرێت و هیچ برگەیەکی خزمەتگوزاری لەنێو پرۆژەکەدا بەدی نەکردوە، تەنانەت کاری سەرەتایی لە برگە خزمەتگوزاریەکانی وەکو: دایەنگە، قوتابخانە و باخچە دا نەکراوە.
لەبەرامبەردا، رزگار وەهاب، لێپرسراوی یەکێتی فەرمانبەرانی گەرمیان کە پرۆژەی قەڵای شێروانە تایبەتە بە توێژی فەرمانبەرانەوە، دەڵێت: پرۆژەکە لەئێستادا باشتر کارەکانیان دەکەن، قوتابخانەیەک و دایەنگایەک تێدا دەستیان بەکارکردن کراوە و دەبێت تا چەند مانگی داهاتو هەیکەلی قوتابخانەکەی بەتەواوی دروست کردبێت.
بەشداربویەکی پرۆژەی سەگرمە، باس لەوەدەکات برگەی خزمەتگوزاریی لە پرۆژەکەدا نەبینیوە.
ساڵح سلێمان، بەشداربوی پرۆژەی سەگرمە، وتی: بەهیچ شێوەیەک برگە خزمەتگوزاریەکانم لە پرۆژەکەدا نەبینیوە.
لایخۆشیەوە بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، لەبارەی برگە خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکانەوە پێیوایە کەموکورتییەکانیان بەو ئەندازەیە نیین.
هونەر مەحمود، وتیشی: نازانم پێش من چۆن ئیش کراوە، بەڵام بەڵێن دەدەم لە مەودوا هیچ پرۆژەیەک بەبێ خزمەتگوزاری نابێت.

## ٤. وەرگرتنەوەی یەکەکان لە هاوڵاتیان

چەنـد بەشـداربویەکی پرۆژەی قەڵای شـێروانە، نیگەرانن لەوەی یەکەکانیـان لەلایـەن کۆمپانیـای گاردینیـا کـە جێبەجێـکاری پرۆژەیەکە، وەرگیراوەتەوە.
ئەرمەن محەمەد، یەکێکە لەو بەشداربوانەی کە لە پڕۆژەی قەڵای شـێروانە یەکەکەی لێوەرگیراوەتەوە بەهۆی دواکەوتنی لە پێدانی قیستەکانی.
وتـی: سـەرلەنوێ قیسـتەکانمان بـۆ کۆمپانیا برد، بـەڵام لێیان وەرنەگرتم و وتیان یەکەکەت هەڵوەشینراوەتەوە.
ئەگەرچی هونەر مەحمود ئاماژە بەوەدەکات ئەو حاڵەتە چارەسەر کـراوە و کۆمپانیاکە یەکەکـەی لێوەرنەگرتوەتەوە، بەڵام بەپێی ئامارەکانـی لقـی گەرمیانـی یەکێتـی فەرمانبـەران، زیاتر لە ٣٠ بەشداربو یەکەکانیان لێوەرگیراوەتەوە.
رزگار وەهـاب، وتی: کۆمپانیاکە هەڵوەشـاندنەوە بۆ گرێبەسـتی بەشداربوان دەکات، بەجۆرێک ئەگەر کەسێک ١٠ هەزار (١ دەفتەر) دۆلاری دابێـت، ٨٨٠٠ (٨٨ گـەڵا) دۆلاری بـۆ گەڕێندراوەتەوە و ١٢٠٠ (١٢ گەڵا) دۆلاریشی کۆمپانیا دەستی بەسەردا دەگرێت.
بـەڵام بەڕێوبەری گشـتی وەبەرهێنانی گەرمیان، سـورە لەسـەر ئەوەی تەنها یەک حاڵەتی لەو شێوەیە هەبوە و بەتەداخولکردنی ئەوان یەکەکە دراوەتەوە بە خاوەنەکەی.
پرسـیارەکە ئەوەیە: ئایـا کۆمپانیا دەتوانێت پـرۆژە لە خاوەنی یەکەکە وەربگرێتەوە؟ وەڵامی وەبەرهێنانی گەرمیان بەڵێیە.
هونـەر مەحمـود، وتیشـی: کۆمپانیـا بـۆی هەیـە یەکـەکان لە بەشـداربوان وەربگرێتـەوە، بەڵام بەمەرجێک ٢ قیسـتی نەدابێت یاخود ٣ مانگ بەجیا جیا قیسـتەکانی رادەست نەکردبێت بەپێی گرێبەستەکە کە بەو جۆرە پەسەند کراوە، بەڵام ئێمە نەمانهێشتوە کۆمپانیا یەکەکانیان لێوەربگرێتەوە و چارەسەرمان کردوە.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجامەکان

١. لە سنوری گەرمیاندا ٣٥ پرۆژەی نیشتەجێبون هەن، ١٤ پرۆژەیان ئەنجامدراون، یاخود لە کاردان یاخود زەویان رادەستکراوە، ٢١ پرۆژەشیان لە رێکاری وەرگرتنی مۆڵەتدان و هێشتا زەویان رادەست نەکراوە. ئەو پرۆژانەش پرۆژەی چین و توێژەکان (لۆ کۆست) و پرۆژەی بازرگانی (های کۆست) و تێکەڵ (میکس)ن.

٢. زۆرینەی پرۆژەکان لە قەزای کەلارن، ٣ پرۆژەیان لە قەزای کفریین و ئەوانی دیکە لە قەزای کەلارن کە لەو ژمارەیە سیانیان دەکەوێتە ناحیەی رزگاری.

٣. کۆی گشتی ئەو روبەرەی بۆ پرۆژە نیشتەجێبونەکان دانراوە (٦ هەزار و ٩٠٧) دۆنمە، کە (٢ هەزار و ٣٤٣) دۆنم بۆ ئەو ١٤ پرۆژەیەیە کە دەستیان پێکراوە و مۆڵەتیان وەرگرتوە و زەویان پێدراوە، (٤ هەزار و ٥٦٤) دۆنمیش بۆ ئەو پرۆژانەیە کە هێشتا دەستیان پێنەکردوە و لە قۆناغی کۆتایی مۆڵەت وەرگرتن دان.

٤. تائێستا شەش پرۆژەی نیشتەجێبون تەواو بون و هاوڵاتی تیایاندا نیشتەجێبون (هێلان سیتی، دریم لاند، تابلۆ سیتی، لانە سیتی، نۆژین سیتی و بان سیتی)، بەڵام تەنها دوان لەو پرۆژانە (دریم لاند و نۆژین سیتی) لەلایەن حکومەتەوە وەرگیراونەتەوە، ئەوانی دیکە هێشتا حکومەت وەرینەگرتونەتەوە بەهۆی بونی کەموکورتیی تێیاندا.

٥. گۆژمەی تێچوی هەر (١٤) پرۆژەکە کە چونەتە بواری جێبەجێکردنەوە و زەویان رادەستکراوە، سەروی ٧١٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە.

٦. هیچ ستاندارد و یاسا و رێنمایی و پەیرەوێک نییە کە شێوازی دیارییکردن و پێویست بونی ئەنجامدانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون دیاریی بکات، هەربۆیە لە گەرمیانیش بەبێ هیچ کام لەو بنەمایانەی سەرەوە پرۆژەی نیشتەجێبون ئەنجامدراون. پێوەری شارەوانی کەلار بۆ پێدانی مۆڵەت بە پرۆژەی نوێ، بونی خواستە، واتا بەوپێیەی خواست لەسەر پرۆژەی نیشتەجێبون هەیە، کەواتا شارەکە پێویستی پێیەتی.

٧. نرخی یەکەکانی نیشتەجێبون لەو پرۆژانەی کە بازرگانیین دیارییکراو نیە و بەپێی جۆری یەکە و مەوادە بەکارهێنراوەکانی ناوی دیاریی دەکرێت، بەڵام ئەوانەی بۆ چین و توێژەکانن و (لۆو کۆستن)، دوای هەژمارکردنی نرخی یەکەکان بە مەتری چوارگۆشە و خەمڵاندنی نرخی خزمەتگوزارییەکان و زیادکردنی بڕی ١٨٪ی قازانج بۆ کۆمپانیا، نرخی کۆتایی دیاریی دەکرێت.

٨. ئەگەرچی وا باس دەکرێت ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبونە، بەڵام چالاکوانان و هاوڵاتیان و شارەزایان رایان پێچەوانەیە و پێیانوایە کەڵەکەکردنی یەکەی نیشتەجێبونە بۆ سودی بازرگان و کۆمپانیا و حزبەکان، هەروەک ئەم یەکانە نەشبونەتە هۆی دابەزینی نرخی خانو و یەکەی نیشتەجێبون لە سنورەکەدا.

٩. پێشتر لەبەرامبەر وەرگرتنی ئەو پرۆژانەدا، هیچ خزمەتگوزارییەک بە کۆمپانیاکان لەناو شارەکاندا جێبەجێ نەدەکران، بەڵام لەئێستادا بۆ پێدانی زەوی بە کۆمپانیاکان بۆ بەکارهێنانی لە پرۆژەی نیشتەجێبون، دەبێت کۆمپانیا هەندێک پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەناو شار دا جێبەجێ بکات.

١٠. هەندێک لە پرۆژەکان ئەگەرچی رێکارەکانیان تەواو بوە، بەڵام بەهۆی بونی رێگرییەوە دەست بەکارکردن تیایاندا نەکراوە، بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتەش لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی نوسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەت پێکهاتوە.

١١. ئەو چوار پرۆژەیەی کە تەواوکراون (هێلان سیتی، تابلۆ سیتی، لانە سیتی و بان سیتی)، لەلایەن حکومەتەوە وەرنەگیراونەتەوە و زۆربەیان خزمەتگوزارییەکانیان تەواو نەکردوە و کەموکورتی لە سێکتەرەکانی: ئاو، کارەبا، خزمەتگوزارییەکانیان دا هەیە، کەچی ئەوەی مایەی تێبینییە ئەوەیە کە ئەو کۆمپانیایانە پرۆژەی تریان پێدراوە یاخود فراوانکردن بۆ پرۆژە کۆنەکانیان کراوە. پاساوی حکومەت ئەوەیە کە ئەو زەویانەی دەیدەن بەو کۆمپانیایانە کەمن و بۆ ئەوە ناشێت پرۆژەی تری لەسەر بکرێت، هەروەک کۆمپانیاکان ناچار دەکەن ئەو خزمەتگوزارییانە تەواو بکەن کە لە پرۆژەی پێشتردا تەواویان نەکردوە.

١٢. بەشدارانی پرۆژە نیشتەجێبونەکان کێشەی قیستیان لەگەڵ کۆمپانیا جێبەجێکارەکاندا هەیە، ئیتر چ لەو پرۆژانەی تەواو بون یان ئەوانەی هێشتا لە کاردان. بەشداران لەو پرۆژانەی کە تەواو بون، دەڵێن: برگە خزمەتگوزارییەکانی ناو پرۆژەکانمان تەواو نەکراون، کەچی داوای قیستی کۆتاییمان لێدەکرێت. هەروەک بەشدارانی پرۆژە تەواونەبوەکانیش کە کاریان تێدا دەکرێت، دەڵێن ئەو پارەیەی لێیان داوادەکرێت، یەکسان نیە بەو ئیشەی لە پرۆژەکانیان دا دەکرێت و زیاترە. بەشێک لەو کێشانەش کەوتوەتە دادگا و کۆمپانیاکان سکاڵایان لە دژی بەشداران تۆمارکردوە.

١٣. ئەو روبەرەی دانراوە بۆ سەوزایی لە پرۆژەکان دا، بە رای شارەزایان زۆر کەمە و بەگشتی لە خوار ٢٠٪ەوەیە، بەڵام حکومەت دەڵێت پرۆژە نوێکان دەبێت بەلای کەمەوە رێژەی سەوزاییان ٢٥٪ بێت، ئەو پرۆژانەشی کە رێژەی سەوزاییان لەو رێژەیە کەمترە، ئەوا دەبێت لە شوێنی دیکەی شار پرۆژەی سەوزایی ئەنجام بدەن.
هەروەک بە رای شارەزایان پرۆژەکانی نیشتەجێبون کاریگەریی ژینگەیی خراپیان دەبێت، لە گەرمترکردنی ناوچەکە و خەرجکردنی ئاوی ژێر زەوی و کەمکردنەوەی روبەری سەوزایی و پاوانەکان.

١٤. هیچکام لە پرۆژە تەواو بوەکان یەکەی چارەسەری ئاوی قورسیان تێدا نییە، تاکە پرۆژەیەک کە لەکاردا بێت و یەکەکەی تێدا بێت، پرۆژەی بەهەشتی کەلارە.

١٥. بەشدارانی ئەو پرۆژانەی دەستیان پێکردوە و هێشتا تەواو نەکراون، نیگەرانن لەوەی پرۆژەکانیان سستی لە جێبەجێکردنی دا دەکرێت و لەو ماوەیەی بۆیان دیاریکراوە تەواو ناکرێن، هەروەک برگە خزمەتگوزارییەکان لە پرۆژەکانیان بە باشی کاریان تێدا ناکرێت.

## دوەم: راسپاردەکان

- بەوپێیەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون راستەوخۆ پەیوەستە بە بەرژەوەندیی گشتییەوە، پێویستە وردتر کاریان تێدا بکرێت. سەرەتا پێویستە پەیڕەو و رێکارێکی رون هەبێت بەوەی لەسەر چ بنەمایەک پرۆژە ئەنجام بدرێت و بە چ مەبەستێک؟ هەروەها لێکۆڵینەوەی ورد بۆ سودە ئابوریی و گشتیەکانی پرۆژەکان بکرێت و خوێندنەوەش بۆ لێکەوتە جیاوازەکانی بکرێت.
بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە و بەدواداچون، یاسای وەبەرهێنان لەوەی پەیوەستە بە بواری وەبەرهێنان لە پرۆژەی نیشتەجێبونەکان هەموار بکرێتەوە و تیایدا ئەو خاڵانەی مایەی مشتومڕ و ئاڵۆزین رون بکرێنەوە و بە روحیەتێکی وەها دابڕێژرێنەوە کە بەرژەوەندیی گشتی بپارێزێت.
هەروەک لەسەر هەمان بنەمای سەرەوەش، رێنمایی و پەیڕەوی تایبەتمەند دەربکرێت، بەشێوەیەک وانەکەوێتەوە لە مەودای دوردا پرۆژەکان زیانیان زیاتر بێ لە قازانج.
پەیوەندیدار بەم بابەتەوە، پێویستە دەستی حزب و کۆمپانیاکانی حزب و بەرپرسانی حزب لەم پرۆژانە دوربخرێنەوە، بەرژەوەندیی حزب و گروپێک نەخرێنە پێش بەرژەوەندیی گشتی و هاوڵاتیان و ناوچەکە باجی ئەو بەرژەوەندیانە بدەن.

- زۆرینەی پرۆژەکان کە تەواو دەبن کێشەیان هەیە و تەنانەت حکومەت خۆی وەریناگرێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە حکومەت هەڵوەستەیەک بکات و بەردەوام نەبێت لەسەر ئەم کارە کە هەر مۆڵەتی پرۆژە بدات و رێگە بدات بە کەموکورتییەوە تەواو ببێت و وەرینەگرێتەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە هەڵسەنگاندێکی گشتی دۆخەکە بکات و ئەو کێشانەی هەن دەستنیشانی بکات، بۆ ئەوەی رێگە بگرێت لە بەردەوامبون و دوبارەبونەوەی ئەو کێشانەی لە پرۆژەکاندا هەن. هەروەها گرنگە کۆمپانیاکان ناچار بکات بە تەواوکردنی خزمەتگوزارییەکانی ناو پرۆژەکان، بەوشێوەیەی دیاریی کراوە. ئەمە سەرباری ئەوەی پابەندی بکات بە تەواوکردنی پرۆژەکە لەکاتی خۆیدا و خاوەخاو لە جێبەجێکردنیان دا نەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە ئیدارەی سنورەکە و لایەنی پەیوەندیدار کە بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیانە، راشکاو و ئازا بن لە گرتنەبەری هەنگاو و رێکارەکان و پارێزەری مافی گشتیی بن بەتەواویی.

- ئەو نرخانەی دانراون لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون دا بەتایبەت بۆ چین و توێژەکان، بەو هاوڵاتیانە هەڵناسوڕێت کە داهاتیان سنوردارە، بۆ ئەمەش پێویستە حکومەت بیر لە رێگای دیکە و بەدیل بکاتەوە، بەشێوەیەک لە هەر پرۆژەیەکدا پشکێک دابنرێت بۆ ئەو هاوڵاتیانەی داهاتیان سنوردارە و لە چین و توێژی جیاواز و بەتایبەتیش کرێچین.

- رەچاونەکردن و بەهەندوەرنەگرتنی لایەنی ژینگەیی لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون، مایەی سەرسامیی و تێبینییەکی گەورەیە، چونکە گەرمیان یەکێکە لەو ناوچانەی بە سەختیی روبەڕوی مەترسی وشکەساڵیی و بەبیابون دەبێتەوە، ئەگەر گرنگیی بەم لایەنە نەدرێت لە پرۆژەکاندا، ئەوا ناوچەکە لە بری گەشانەوە دەپوکێتەوە و چۆڵ دەکرێت.
لەم سۆنگەیەوە گرنگە رێژەی سەوزایی زیاتر بکرێت لەو رێژەیەی کە هەیە، هەروەک کۆمپانیاکان ناچار بکرێن بە دروستکردنی دارستان و باخچەی دەستکرد چ لەناو پرۆژەکانیان یاخود لە دەوروبەر و تەنانەت لە ناو شار و شوێنەکانی دیکەشدا.

- بونی یەکەی چارەسەری ئاوی قورس، جگە لەوەی بۆ ژیانی ئێستا پێداویستیەکی زۆر گرنگە، هاوکات هەر خودی دەستەی وەبەرهێنانیش بڕیاریداوە کە دەبێت لە هەمو پرۆژەیەکدا هەبێت. نەبونی ئەو یەکەیە لە پرۆژەکانی گەرمیان مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، بەتایبەتی هەندێک لەو پرۆژانە فراوانکردنیان بۆ کراوە، کەچی حسابی ئەم یەکەیەی بۆ نەکراوە! بۆیە دەبێت ئەم یەکەیە بۆ هەمو پرۆژەیەک زیاد بکرێت و هەبێت، بەپێچەوانەوە کاریگەریی و مەترسیەکانی ئاوی قورس زۆر دەبن.

- هیچ بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی لە بابەتی ئاو لە پرۆژەکانی نیشتەجێبونی سنورەکەدا نییە، بەوەی هیچ بایەخێک بەو رەگەزە گرنگەی ژیان نەدراوە و هەمو پرۆژەکان سەرچاوەی ئاوەکانیان کراون بە بیر، کە ئەمەش رێگە ئاسانەکەیە و تێچوی کەمە، بەڵام کاریگەریی و لێکەوتەکانی بۆ داهاتو بەتایبەتی کە پرۆژەکان هەمویان تەواو دەبن، زۆر مەترسیدار و تەنانەت کارەساتبار دەبێت.
دەبێت حکومەت تێبگات لەوەی ئاو کێشەیەکی گرنگی داهاتوی ئەم ناوچەیەیە، سست مامەڵەکردن و گوێنەدان بەم ئالەنگارییە، ناوچەکەمان روبەڕوی مەترسیی گەورە دەکاتەوە.
بۆیە پێویستە لە پرۆژەکاندا هەوڵبدرێت ئاوی ژێر زەوی بەکارنەهێنرێت و لە بری ئەوە پشت بە ئاوی روبار و ئەو چەم و بەنداوانە ببەسترێت کە لەناوچەکەدا هەن، ئەمەش بە دروستکردنی پاڵاوگەی تایبەت.
گرنگە حکومەت تێبگات پرۆژەکان هەر بۆ ئەمڕۆ نین، بەڵکو بۆ داهاتوشن، بۆیە دەبێت حساب بۆ هەمو ئەگەر و ئالەنگارییەک بکات.


**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.



* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net